# لە پێناو پەرلەمانێکی بەهێز، لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی هەڵەکان

# هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پــەرلەمانــی کـــوردستان

(٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ تا ٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨)

## راپۆرتی سیانزەهەم


## ستافی کار

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پرۆژە:

**ئارام سەردار عومەر**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی روانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەشی عەرەبی روانگەی پەی:

**میران حسین حسن**

ژمێریاری پرۆژە:

**روانگە فایەق**

بەشدار لە نوسینەوەی راپۆرت:

**د.ساکار عەزیز رەشید**



*- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بەفەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣وە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

*- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. ئێستاش بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.





**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**ناونیشان: سلێمانی – کوردستان مۆڵ –شەقامی سالم**

**تەلەفۆن:** 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576

**ئیمەیل:** payinstitute@gmail.com / sarwary74@yahoo.com

**فەیسبوک:** facebook.com/pay-institute

**پێگەی ئەلکترۆنی:** www.payied.org


**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٩**

# ناوەرۆك

پێشەکی ........ ٥
ئه نجامدانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان........ ٧
خشتەی ژماره ( ١ ): لیست و قەواره سیاسیەکان و کۆی دەنگەکانیان هەڵبژاردنی خولی چوارەم ٢٠١٣........ ٧
خشتەی ژماره ( ٢ ) : پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان له رووی تێکڕای تەمەنی ئەندامانەوە ........ ٨
خشتەی ژماره ( ٣ ) : پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان له رووی رەگەزی ژن و پیاوەوە........ ٨
خشتەی ژماره ( ٤ ): پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان له رووی نەتەوایەتیەوە........ ٨
خشتەی ژماره ( ٥ ): پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان له لایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە........ ٩
خشتەی ژماره ( ٦ ) : پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان له رووی ئایینیەوە........ ٩
خشتەی ژماره ( ٧ ) : دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی پارێزگاکان........ ٩
خشتەی ژماره ( ٨ ) : دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر پارێزگاکان بە پێی فراکسیۆنەکان........ ١٠
یەکەم کۆبوونەوەی خولی چوارەمی پەرلەمان و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی. ........ ١١
هەلبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان........ ١٢
لیژنە کانی پەرلەمان........ ١٣
یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکان: ........ ١٣
دووەم: لیژنە کاتییەکان: ........ ١٥
ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی لە خولی چوارەمدا پێشکەشکران خوێندنەوەیان بۆ کرا، خشتەی ژماره ( ٩ )........ ١٦
ئەو یاسایانەی لە خولی چوارەمی پەرلەماندا پەسەندکران........ ٢٣
ئەو بڕیارانەی لە خولی چوارەمدا پەسەندکران........ ٢٨
راسپاردە: ........ ٢٦
پەیرەوی نوێی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان........ ٢٩
خشتەی ژماره ( ١٠ ): ئاستی جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان........ ٣٠
خشتەی ژماره ( ١١ ): جۆری ئەو یاسایانەی لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکران........ ٣٠
خشتەی ژماره ( ١٢ ): یاسای پەسەندکراو و رەتکراوە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان........ ٣٠
بودجە لە پەرلەماندا........ ٣٢
یەکەم: پرۆژە یاسای بودجە : ........ ٣٢
دووەم: ژمێرەی کۆتایی: ........ ٣٢
پەرلەمان و چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن........ ٣٣
خشتەی ژماره ( ١٣ ): دانیشتنەکانی پەرلەمان........ ٣٥
پەك کەوتنی پەرلەمان و رێگری لە سەرۆکەکەی........ ٣٨
یەکەم: قۆناغی بەر لە رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان........ ٣٨
دووەم: قۆناغی کاراکردنەوەی پەرلەمان: ........ ٤٠
پەرلەمان و ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوور........ ٤٢
ئەو پەرلەمانتارانەی خولی چوارەمیان تەواو نەکرد و هۆکارەکانیان، خشتەی ژماره ( ١٢ )........ ٤٣
ئەو پێشێلکاریانەی دەرهەق بە پەرلەمان کران........ ٤٤
ئەو پێشێلکاری و هەڵانەی پەرلەمان کردی........ ٤٦
ئه نجام........ ٥١
خشتەی ژماره ( ١٤ ): پوختەی کاری پەرلەمان لەماوەی پێنج ساڵی خولی چوارەمیدا........ ٥٧
بلاوکراوەکانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان........ ٥٨

# ڕوانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

**www.payied.org**

**(ڕوانگەی پەی)** ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی (**ئینستیتۆتی پەی**)ە و تایبەتە بە چاودێریی پەرلەمانی کوردستان، ماوەی (٤) ساڵە کار دەکات، بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم ماڵپەڕە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زانیاری لەسەر سێ خولی پێشووی پەرلەمان بڵاوکردۆتەوە، هەر لە سەرجەم (سیڤی ئەندامان و دەستەی سەرۆکایەتی، یاساکان، بڕیارەکان، لیژنە کاتی و هەمیشەییەکان و هتد) .

لەسەر ئاستی خولی چوارەمیش (٢٠١٣– ٢٠١٨) (سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، فراکسیۆنەکان، لیژنە هەمیشەییەکان، لیژنە کاتییەکان، یاساو بڕیارەکان، بەرنامەی کار، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ڤیدیۆی سەرجەم دانیشتنەکان، هەواڵی پەیوەست بە پەرلەمان، ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنەکان، لیستێکی پەیوەندی بە ئەندامانی پەرلەمانەوە)، جگە لە چەند بەشێکی تری وەك: ( پەرلەمانی کوردستان لە میدیاکاندا، پەرلەمان بە ئینفۆگرافیك، بڵاوکراوە دەربارەی کاری پەرلەمان، بڵاوکراوەکانی پەرلەمان، بیروڕا لەسەر پەرلەمان، لەهەمان کاتدا گرنگی بەهەواڵی لیژنەکان و فراکسیۆنەکانیش دەدرێت بە مەرجێك هەواڵەکە پەیوەندیدار بێت بەکاری دانانی یاسا و چاودێری دامەزراوە گشتییەکانەوە.

هەر لە **(ڕوانگەی پەی)** سەرجەم ڕاپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان و سەرجەم ئەو پرۆژانەی تر بڵاوکراونەتەوە کە ئینستتیوتی پەی کاری لەسەر کردوون، پاش تەواو کردنی تەواوی بەشی عەرەبی ماڵپەڕەکە لە داهاتوودا کار بۆ زیادکردنی زمانی ئینگلیزیش دەکرێت.

ئێستاش لەگەڵ دەستپێکردنی خولی پێنجەمدا پرۆژەی چاودێری پەرلەمان بەردەوامەو چەندین گۆڕانکاری لە پرۆژەکەدا کراوە .

# پێشەکی

**ئەنستتیوتی پەی** بۆ پەروەردەو گەشەپێدان **PAY** ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بەفەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵەوە دەستی بە چالاکییەکانی کردووە، یەکێ لە کارەکانی چاودێری کردنی ئەدای کاری دام و دەزگا گشتییەکان بووە، لە چوارچێوەی ئەم کارەیدا یەکێ لەو دەزگایانەی لە پێنج ساڵی رابردوودا چاودێری کردووە پەرلەمانی کوردستان بووە، کە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ی ئەمەریکی ئەنجامی داوە.

لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا توانیومانە (١٢) ڕاپۆرت سەبارەت بە پەرلەمان بڵاو بکەینەوە، مەبەستی ئێمە لەم کارەدا ئەوە بووە ئەم دەزگا نیشتمانییە بە ئەرك و کاری خۆی هەڵسێت و لەئاست متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بێت و ڕۆڵی سەرەکی و کارا ببینێت لە چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکاندا، ڕێگە لە پێشێلکارییەکانی بگیرێت و ڕێگەش نەدرێت هیچی تر لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە ڕێگریی لێبکرێت و پەکی بخرێت، چونکە بوونی پەرلەمانێکی بەهێز، کە یاسای گونجاو دەربکات و چاودێرێکی وردی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت، هۆکاری سەرەکی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگەو بەدامەزراوەیی کردنی دەبێت. پێمانوایە چاودێری کردنی ئێمەو ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵی مەدەنی، پاڵپشتێکی بەهێزی سەرکەوتنی پەرلەمان دەبێت.

لەهەموو ڕاپۆرتەکاندا زانیاری و داتای پێویست کۆکراوەتەوە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك چاودێری دانیشتن و پرۆتۆکۆل و سایتی فەرمیی پەرلەمان کراوەو بۆ هەمان مەبەست سەردانی سەرۆکایەتی و لیژنەکانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانیشمان کردووە. ڕاپۆرتی یەکەم لە ٢٠١٤/١١/٦ بڵاوکرایەوە و ئەوەی بەردەستیشتان سیانزەهەمین ڕاپۆرتە سەبارەت بە کارەکانی پەرلەمان، کە هەڵسەنگاندنێکی گشتییە بۆ پێنج ساڵی تەمەنی خولی چوارەمی پەرلەمان و خستنەڕووی هەڵەو کەموکوڕی و گرفت و ئاستەنگەکانی خولی رابردووە بەو مەبەستەی خولی پێنجەمی پەرلەمان سودی لێ ببینێت، خاڵە باشەکانی پەرەیان پێ بدرێت و پێشێلکاریەکانیش بوەستێنرێن و دووبارە نەکرێنەوە.

ئەم پرۆژەیە لەماوەی کارکردنی رابردوویدا بەچەند قۆناغێکی هەڵچون و داچووندا ڕۆیشتووە، سەرەتا زۆر لە لایەنەکان و فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانیش هاوڕامان نەبوون و دیدیان بەرامبەر پرۆژەکە باش نەبوو، دواتر کە بۆیان دەرکەوت مەبەستی پرۆژەکە تەنها کارێکی مەدەنییە لە خزمەت بەرەوپێشەوەچوونی کاری پەرلەمانی و پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا و (**ئینستتیوتی پەی**) بێلایەنانە ڕاپۆرتەکانی دەنوسێت، زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتیش بە سنگ

فراوانیەوە پێشوازیان لە پرۆژەکە کرد. لە قۆناغەکانی تریشدا گەلێ کات لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە رێگری لە تیمەکانمان کراوەو زانیاریمان پێ نەدراوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پرۆژەکەمان نەوەستاند و بەردەوام بووین و راپۆرتی تازەمان بڵاوکردۆتەوە.

بە بڕوابوون بە بنەمای (چاودێری و هەڵسەنگاندن) باشترین رێگان بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان، بە سوود وەرگرتن لە یاساکانی هەرێمی کوردستان کەبریتین لە (یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان، یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری، پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان)، **ئینستتیوتی پەی** لەسەر کارەکانی بەردەوامەو لە خولی پینجەمیشدا هەمان پرۆژە بەهاوکاری پەرلەمانی کوردستان و بەهاوبەشی لەگەڵ سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەمریکی درێژە پێدەدات و هەروەك لە رابردوودا کردوومانە ئێستاش بەهەمان شێوە راپۆرتەکانمان بڵاو دەکەینەوەو لەسەر ماڵپەڕی (**روانگەی پەی**) دایدەبەزێنین و دواتریش بەمەبەستی ئاگاداربوونی رای گشتی و ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم، جگە لە زمانی کوردی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش بڵاوی دەکەینەوە.

ئامانجەکانی پرۆژەکە بریتین لە: دروستکردنی شەفافیەت لە کاری پەرلەمانی کوردستان ، ئەم پرۆژەیە پردی گەیاندنی زانیاری و داتا بێت بە هاوڵاتیانی هەرێم، هەروەها ئەدای پەرلەمان وەك ئەوەی هەیە نیشانبدات و فشار دروستبکات بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان، رێچکەی سەرەکی خۆی بگرێت و پەیڕەو شکێنی نەکات و بەئەرکە سەرەکیەکانی خۆی هەڵبسێت.

بەکورتی مەبەستی سەرەتا و کۆتایی پرۆژەکە ئەوە بووە ئەدای نوێنەران لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەنگدەرانی بخاتە روو، زەمینەیەك بڕەخسێنێت کە شەفافیەت لە کار و ئەرکی پەرلەمانیدا دروست ببێت، بە رای گشتی بڵێت پایە سەرەکیەکانی کارکردن وەك ( یاسا دانان، چاودێری، پەسەندکردنی بودجە) لەو دەزگا نیشتیمانیەدا چۆن بەرێوەدەچن. ئێمە لە **پەی** دەمانەوێت هاوکاری پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی پەرلەمان بین، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی زانیاری روون و ورد لەسەر پەرلەمان و ئەدای ئەو دەزگایە بەدەنگدەری لایەنەکان، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاری چالاك لە ناچالاك لەیەکتری جیا بکرێنەوە و فشاریکی مەدەنیش درووست بکەین بۆ سەر ئەو پەرلەمانتارانەی وەك پێویست بەئەرکی خۆیان هەڵناستن. بەکورتی ئەو پرۆژەیە ئامانجیەتی پەرلەمانتار و دەنگدەر پێکەوە ببەستێتەوە و پەیوەندی نێوان رای گشتی و ئەو دەزگا نیشتیمانیە بەهێز بکات. بۆ ئەوەی هەم پەرلەمانتاران بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و هەم ئەو دەزگا گرنگەش بتوانێت ئەرکی چاودێری و یاسادانانی خۆی بەجێ بگەیەنێت.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٩/٨/٢٩**

# ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان

رۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان بەسیستمی نیمچەكراوە بەڕێوەچوو، تیایدا (٣١) لیست بەشداری پرۆسەكەیان كردوو سەرەنجام (١٧) لیست توانیان سەركەوتن بەدەستبێنن. سەرباری ئەو ساختەكاریانەی لەهەڵبژاردنەكەدا كران، ئەنجامی كۆتایی هەڵبـژاردنیش وەك كۆمسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنـەكانی عـێراق راگەیاندبوو، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

## خشتەی ژمارە (١)

## لیست و قەوارە سیاسیەكان و كۆی دەنگەكانیان

## هەڵبژاردنی خولی چوارەم ٢٠١٣

| ژ.لیست | ناوی قەوارەو لیستەكان | كۆی دەنگەكان | ژ.كورسی |
|---|---|---|---|
| 110 | لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان | 743984 | 38 |
| 117 | لیستی گۆڕان | 476736 | 24 |
| 102 | لیستی یەكێتی نیشتمانی كوردستان | 350500 | 18 |
| 105 | لیستی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان | 186741 | 10 |
| 104 | لیستی كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان | 118574 | 6 |
| 101 | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | 21834 | 1 |
| 111 | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان | 12501 | 1 |
| 107 | لیستی ئازادی | 12392 | 1 |
| 115 | لیستی ئاراستەی سێیەم | 8681 | 1 |
| 126 | لیستی رافیدەین | 6145 | 2 |
| 127 | لیستی گردبوونەوەی گەلی كلدانی سریانی ئاشووری | 5730 | 2 |
| 124 | لیستی پێشكەوتنی توركمان | 5259 | 2 |
| 121 | لیستی هەولێری توركمانی | 1951 | 1 |
| 120 | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی توركمان | 1926 | 1 |
| 122 | لیستی بەرەی توركمانی | 1753 | 1 |
| 125 | لیستی ئە بناء ئەلنەهرەین | 1093 | 1 |
| 131 | لیستی ئەرمەن | 531 | 1 |
| | سەرجەم | 1.956.331 | 111 |

## خشتەی ژمارە ( ٢ )

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی تێکڕای تەمەنی ئەندامانەوە

| ژمارە | مێژووی لەدایکبوون | هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣ | |
|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ |
| -١ | ١٩٤٠-١٩٤٩ | ١ | ٠,٩ |
| -٢ | ١٩٥٠-١٩٥٩ | ٨ | ٧,٢ |
| -٣ | ١٩٦٠-١٩٦٩ | ٣٢ | ٢٨,٨ |
| -٤ | ١٩٧٠-١٩٧٩ | ٥٦ | ٥٠,٥ |
| -٥ | ١٩٨٠-١٩٨٦ | ١٤ | ١٢,٦ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠ |

## خشتەی ژمارە ( ٣ )

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی باڵانسی جێندەرەوە

| ژمارە | ژمارەی ئەندامانی پیاوو ژن | ژمارەی پەرلەمانتاران | رێژەیی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەندامانی پیاو | ٧٧ | ٪٦٩.٤ |
| ٢ | ژمارەی ئەندامانی ژن | ٣٤ | ٪٣٠.٦ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ٪١٠٠ |

## خشتەی ژمارە ( ٤ )

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی نەتەوایەتیەوە

| ژ | نەتەوە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | کورد | ١٠٠ | ٩٠.١ |
| ٢ | تورکمان | ٥ | ٤.٥ |
| ٣ | کلدانی سریانی ئاشووری | ٥ | ٤.٥ |
| ٤ | ئەرمەنی | ١ | ٠.٩ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠ |

## خشتەی ژمارە ( ٥ )

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە لایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە

| ژ | بڕوانامە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | دکتۆرا | ١٩ | ١٧.١ |
| ٢ | ماجستێر | ١١ | ٩.٩ |
| ٣ | بەکالۆریۆس | ٥٢ | ٤٦.٨ |
| ٤ | دبلۆمی بالا | - | - |
| ٥ | دبلۆم | ١١ | ٩.٩ |
| ٦ | ئامادەیی | ١١ | ٩.٩ |
| ٧ | ناوەندی | ٧ | ٦.٣ |
| | **کۆی گشتی** | **١١١** | **١٠٠** |

## خشتەی ژمارە ( ٦ )

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی ئایینیەوە

| ژ | ئایین | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئیسلام | ١٠٤ | ٩٣.٧ |
| ٢ | مەسیحی | ٦ | ٥.٤ |
| ٣ | ئێزیدی | ١ | ٠.٩ |
| | **کۆی گشتی** | **١١١** | **١٠٠** |

## خشتەی ژمارە ( ٧ )

## دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی پارێزگاکان

| ژ | پارێزگا | ژمارەی کورسی | رێژەی ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٣٠ | ٢٧.٠ |
| ٢ | سلێمانی | ٤٨ | ٤٤.١ |
| ٣ | دهۆک | ٣٣ | ٢٨.٨ |
| | **کۆی گشتی** | **١١١** | **١٠٠** |

## خشتەی ژمارە ( ٨ )

## دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر پارێزگاکان بە پێی فراکسیۆنەکان

## هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣

| ژ | فراكسيۆن | كۆى ژمارەى كورسى | هەولێر | ٪ | سلێمانى | ٪ | دهۆك | ٪ | كۆى ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ليستى پارتى ديموكراتى كوردستان | ٣٨ | ١٠ | ٢٦.٣ | ٣ | ٧.٩ | ٢٥ | ٦٥.٨ | ٪١٠٠ |
| ٢ | ليستى گۆڕان | ٢٤ | ٦ | ٢٥.٠ | ١٨ | ٧٥.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ٣ | ليستى يەكێتى نيشتمانى كوردستان | ١٨ | ٣ | ١٦.٧ | ١٥ | ٨٣.٣ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ٤ | ليستى يەكگرتووى ئيسلامى كوردستان | ١٠ | ٢ | ٢٠.٠ | ٤ | ٤٠.٠ | ٤ | ٤٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ٥ | ليستى كۆمەڵى ئيسلامى كوردستان | ٦ | ٢ | ٣٣.٣ | ٤ | ٦٦.٧ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ٦ | ليستى بزووتنەوەى ئيسلامى | ١ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ٧ | ليستى حزبى سۆسياليستى ديموكراتى كوردستان | ١ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ٨ | ليستى ئازادى | ١ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ٩ | ليستى ئاراستەى سێيەم | ١ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ١٠ | ليستى رافيدەين | ٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ١٠٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ١١ | ليستى گردبوونەوەى گەلى كلدانى سريانى ئاشوورى | ٢ | ١ | ٥٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٥٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ١٢ | ليستى پێشكەوتنى توركمان | ٢ | ٢ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ١٣ | ليستى هەولێرى توركمانى | ١ | ١ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ١٤ | ليستى گۆڕان و نوێبوونەوەى توركمان | ١ | ١ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ١٥ | ليستى بەرەى توركمانى | ١ | ١ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ١٦ | ليستى ئەبنا ئەلنەهرەين | ١ | ١ | ١٠٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٪١٠٠ |
| ١٧ | ليستى ئەرمەن | ١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ١٠٠.٠ | ٪١٠٠ |
| | كۆى گشتى | ١١١ | ٣٠ | | ٤٨ | | ٣٣ | | |

## یەکەم کۆبوونەوەی خولی چوارەمی پەرلەمان و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی

بەپێی یاسا دەبوایە بەر لە ٢٠١٣/١١/١، واتە بەر لەوەی خولی سێیەم کۆتایی بێت، خولی چوارەمی پەرلەمان کۆبوونەوەی دەستپێکی بکردایە، بەڵام کۆبوونەوەکە شەش رۆژ دواکەوت و لەو ماوەیەشدا هەرێمی کوردستان کەوتبوە بۆشاییەکی یاساییەوە.

یەکەم کۆبوونەوەی دەستپێکی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٣/١١/٦) بەمەبەستی سوێند خواردنی ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان بەسترا، لەم کۆبوونەوەیەدا کە دەبوو بەپێی مادەی (١٣)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەندامان سوێندی یاسایی بخۆن و لەهەمان کۆبوونەوەدا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت،[1] بەلاَم جگە لە سوێند خواردنی ئەندامان، برگەی دووەم جێبەجێ نەکرا کە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی بوو. هەمان پێشێلکاری لە یەکەم کۆبوونەوەی خولی پێنجەمیشدا کە رۆژی (٢٠١٨/١١/٦) بەمەبەستی سوێند خواردنی پاڵێوراوان بەسترا دووبارە بوویەوە.

لە خولی چوارەمدا یەکێ لە پێشێلکاری و کارە نایاساییەکانی تر کە کراوە، ئەوەبوو کە بانگەوازی کۆکردنەوەی ئەندامانی خولی چوارەم بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی خولی پێشووەوە راگەیەنراو بلاوکرایەوە، لەلایەن (ئەرسەلان بایز/ سەرۆك، حەسەن محمد سورە/ جێگر، فرسەت ئەحمەد/ سکرتێر)، ئەمەو لەکاتێکدا ئەو کۆبوونەوەیە رۆژی (٢٠١٣/١١/٦) ئەنجامدرا، هەفتەیەك بوو نەك هەر سەرۆکایەتی بەڵکو پەرلەمانیش بوونی نەمابوو.

پێشێلکارییەکی تر ئەوەبوو لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو فراکسیۆنەکان لەنێوان خۆیاندا رێککەوتنێکیان ئیمزاکرد بەوەی کە کۆبوونەوەکە بە کراوەیی بمێنێتەوە، ئەمەش سەرەتای رێکەوتنی لایەنەکان بوو لەسەر پێشێلکاری یاساو پەیرەو، کە کردیان بە نەریتێك و ئەم پێشێلکاریە گوازرایەوە بۆ خولی پێنجەمیش و هەمان کردە لەوێش جارێکی تر دووبارە کرایەوە.

---

(١) –مادەی (١٣) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان:

١–سەرۆکی کاتی لەدوای سوێند خواردنی، دەرگای خۆپالاوتن بۆ پێگەکانی دەستە کە بریتین لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر رادەگەینێت.

٢– لەدوای داخستنی دەرگای خۆپالاوتن پرۆسەی هەڵبژاردن بەرێگەی دەنگدانی نهێنی ئەنجام دەدرێت و ئەوەی زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان بەدەست دەهێنێت سەرکەوتوو دەبێت.

## هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

لە (٢٠١٤/٤/٢٩) پەرلەمانی کوردستان دوای (حەوت مانگ و نۆ رۆژ) لە هەڵبژاردنی و دوای (پێنج مانگ و بیست و یەك رۆژ) لە سوێندخواردنی ئەندامان، کۆبوویەوەو دەستەی سەرۆکایەتی هەلبژارد، کە بەم شێوەیە بوو:

١-یوسف محمد سادق – سەرۆك- لە فراکسیۆنی گۆڕان- (٨٤) دەنگ.

٢-جەعفەر ئیمینکی – جێگری سەرۆك- لە فراکسیۆنی پارتی- (٧٩) دەنگ.

٣-فەخرەدین تاهیر – سکرتێر- لە فراکسیۆنی کۆمەڵ- (٧٣) دەنگ.

بەڵام کاتێك لە ٢٠١٥/١٠/١٢ رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کرا، لەو رۆژە بەدواوە سەرۆك نەیتوانی بچێتەوە پەرلەمان و پەرلەمان بێ سەرۆك مایەوە. هەروەها رۆژی (٢٠١٧/٩/٣٠) سکرتێری پەرلەمانیش دەستی لەکار کێشایەوە. رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٨) بێگەرد دلشاد بە سکرتێری پەرلەمان هەڵبژێردراو تا تەواوبوونی تەمەنی خولی چوارەم، پەرلەمان بێ سەرۆك بوو و تەنها جێگر و سکرتێر کۆبوونەوەکانیان بەرێوە دەبرد.

لە یەکەمین دانیشتنی خولی چوارەمدا، جۆرێك لە بەریەککەوتن و گرژی لە نێوان لیستی یەکێتی، لەگەڵ لیستەکانی گۆڕان و پارتی بینرا، هەمان حاڵەت لە خولی پێنجەمیشدا دووبارە بوویەوە کاتێك لە دانیشتنی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیدا لە رۆژی ٢٠١٩/٢/١٨ فراکسیۆنی یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەکەی نەکرد.

## لیژنەکانی پەرلەمان

### یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکان:

لە خولی چوارەمدا پەرلەمانی کوردستان لە (٢٢) لیژنەی جیاجیا پێکهاتبوو، کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێکهێنانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات. هەر لیژنەیەکیش نەدەبوو لە (٥) ئەندام کەمتر پێکهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچوون بوو بۆ پڕۆژە و کارەکانی حکومەت و چوونە ناو خەڵکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانیان. [٢]

١. لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان.
٢. لیژنەی مافەکانی مرۆڤ.
٣. لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید.
٤. لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی.
٥. لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت).
٦. لیژنەی وەرزش و لاوان.
٧. لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی.
٨. لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
٩. لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن.
١٠. لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان.
١١. لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر.
١٢. لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە.
١٣. لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت.
١٤. لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.
١٥. لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش.
١٦. لیژنەی کاروباری یاسایی.
١٧. لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا.
١٨. لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

---

(٢) – بەپێی بڕیاری ژمارە (٤)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٥/٧ دەرچووە ، لیژنەکان پێکهێنران و ئەندامانی دەستنیشانکران کە لە (١٨) لیژنە پێکهاتبوو. پێشتریش بەپێی بڕیاری ژمارە (٢)ی پەرلەمان کە لە ٢٠١٤/٥/٤دەرچووە لیژنەی یاسایی پێکهێنرابوو.

١٩. ليژنەی ئاوەدانكردنەوە.

٢٠. ليژنەی ناوچە كوردستانييەكانی دەرەوەی هەرێم. (ليژنەی زيادكراو لە خولی چوار).

٢١. ليژنەی كاروباری پەرلەمان. (ليژنەی زيادكراو لە خولی چوار).

٢٢. ليژنەی پەيوەندييەكان و رەوەندی كوردی. (ليژنەی زيادكراو لە خولی چوار).

*– لە ساتی پێكهێنانی ليژنەكاندا ئەوەندەی لايەنی سياسی لەبەرچاو گيراوە پرۆفيشنالی ئەندامان لەبەرچاو نەگيراوە.

*–ليژنەكانی پەرلەمان وەك پێويست كاری خۆيان ئەنجام نەدەدا، لە نوسينی راپۆرت لەسەر پرۆژەياساكان، ئەمەش هۆكارێك بوو كە پەرلەمان وەك پێويست نەتوانێت كۆبوونەوەكانی بكات، چونكە پرۆژە ياسای ئامادەكراو بە راپۆرتەوەی لەبەردەست نەبووە تا بيخاتە بەرنامەی كارەوە.

*–كۆی گشتی ئەو راپۆرتانەی دەبوايە ليژنەكان لەسەر پرۆژەكان بيانوسيايە (٤٩٥) راپۆرت بوو، بەلام ليژنەكان لەماوەی پێنج ساڵدا (١٤٩) راپۆرتيان نوسيوەو تا كۆتايی (٣٤٦) راپۆرت نەنوسرا كە دەبوايە بنوسرێن.

*–ليژنەكانی پەرلەمان وەك پێويست چاودێری ئەو وەزارەت و دەستەو فەرمانگانەيان نەدەكرد كە پەيوەنديداربوون پێيانەوەو كاری چاودێريكردن لاواز بوو.

*–ئەو ليژنانەی كە كەمتەرخەم بوون لەسەر نوسينەوەی راپۆرتی سەر پرۆژە ياساكان و وەك پێويست كاری خۆيان نەكردبوو، بريتی بوون لە ليژنەكانی: ياسايی، دارايی، ناوخۆ، پەروەردەو خوێندنی باڵا، تەندروستی، ئاوەدانكردنەوە، رۆشنبيری، شەهيدان و جينۆسايد، مافی مرۆڤ، دەستپاكی.

*–ئەو ليژنانەی خراپترين ئاستيان هەبوو لە بەجێگەياندنی ئەركەكانيان بريتی بوون لە ليژنەكانی: داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت، رەوەندی كوردی، وەرزش و لاوان، ناوچە كوردستانيەكان.

*–ئەو ليژنانەی ئاستێكی مامناوەنديان هەبوو لە بەجێگەياندنی ئەركەكانيان، بريتی بوون لە ليژنەكانی: شارەوانی، كاروباری پەرلەمان، كۆمەڵی مەدەنی، پيشەسازی و وزە.

*–ئەو ليژنانەی باشترين ئاستيان هەبوو لە بەجێگەياندنی ئەركەكانيان و راپۆرتيشيان لەسەر سەرجەم ئەو پرۆژە ياسايانە نوسيوە كە ئاراستەيان كرابوو، بريتی بوون لە ليژنەكانی: كشتوكاڵ، كاروباری كۆكەلايەتی، كاروباری ئەوقاف.

## دووەم: لیژنە کاتییەکان:

لە خولی چوارەمدا چەند لیژنەیەکی کاتی پێکهێنران، لەوانە:

١-لیژنەی لێکۆلینەوە لەو رووداوانەی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە ٢٠١٤/٤/٣٠ و رۆژانی دواتر روویانداوە.[٣]

٢-لیژنەی پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.[٤]

٣-لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پالاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران.[٥]

٤-لیژنەی کاتی بۆ لێکۆلینەوەو بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.[٦]

٥-لیژنەی ئامادەکردنی رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان.[٧]

٦-لیژنەیەکی هاوبەش پێکهێنرا لە ئەندامانی هەردوو لیژنەی (نەزاهە) و (سامانە سروشتیەکان)، مەبەست لێی بەدواداچوون بوو بۆ کەیسی ئەو کەسانەی تۆمەتبار بوون بە بازرگانیکردن لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستی داعش، بەلام کار و بەدواداچوونەکانی ئەم لیژنەیەش بێ ئەنجام بوو.

---

(٣) – پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەو رووداوانەی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە رۆژی (٢٠١٤/٤/٣٠ و رۆژانی دوای رویاندا) لە (٢٠١٤/٥/٤) بە بڕیاری ژمارە (٣). ئەم لیژنەیە کارەکانی تەواو کردووە راپۆرتی خۆی نووسی و پێشکەشی پەرلەمان کراوە، بەڵام پەرلەمان نەیخستە بەرنامەی کارەوە.

(٤) – بەپێی بڕیاری ژمارە (١٠)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٦/١٦ دەرچووە، ئەم لیژنەیە پێکهێنراو لە (١٣) ئەندام پێکهاتووە. ئەم لیژنەیە کارەکانی خۆی کرد و پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆی ئامادەکرد و لەپەرلەمانیش پەسەند کرا.

(٥) – بەپێی بڕیاری ژمارە (٢١)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٩/٢٣ دەرچووە، ئەم لیژنەیە پێکهێنراو لە (٨) ئەندام پێکهاتووە. ئەم لیژنەیە کارەکانی خۆی تەواوکرد (بەو تێبینیانەشەوە کەلەسەر میکانیزمی کارەکانیان هەبوو).

(٦) – بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٢)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٩/٢٣ دەرچووە ئەم لیژنەیە پێکهێنرا، لە (١١) ئەندام پێکهاتبوو. تایبەت بوو بە تاوانکاریی کۆمەلکوژی ئێزیدییەکان لە شەنگال. ئەم لیژنەیە هیچ کارێکی نەکرد و دواتر بە بڕیارێکی پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە.

(٧) – ئەم لیژنەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا لە (٢٠١٥/٥/٢٥) تا (٢٠١٥/٨/٢٨) واتە (٩٠) رۆژ، کارەکانی پێ تەواو نەکرا، تەنها (٧٤) ماددەی رەشنووسی دەستووری ئامادە کرد. لیژنەکە داوای (٩٠) رۆژی تری کرد بۆ تەواوکردنی کارەکانیان، بەڵام پەرلەمان درێژی نەکردەوە.

# ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی لە خولی چوارەمدا پێشکەشکران خوێندنەوەیان بۆ کرا

## خشتەی ژمارە ( ٩ )

| ژ | ناوی یاسا و بڕیار | مێـــــژووی خوێندنەوەی |
|---|---|---|
| ١. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو. | ٢٠١٤/٥/٧ |
| ٢. | پرۆژە یاسای سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز. | ٢٠١٤/٥/٧ |
| ٣. | پرۆژە یاسای (سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق)، لەلەیەن ئەنجومەنی وەزیران | ٢٠١٤/٥/٧ |
| ٤. | پرۆژە یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە. | ٢٠١٤/٥/٧ |
| ٥. | پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت. | ٢٠١٤/٥/٧ |
| ٦. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای رێکخستنی خۆپێشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠. | ٢٠١٤/٥/٧ |
| ٧. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠. | ٢٠١٤/٥/١٤ |
| ٨. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی بەردەوامی پێدانی پێشینەکان و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێمی  کوردستان. | ٢٠١٤/٥/٧ |
| ٩. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٦. | ٢٠١٤/٥/٧ |
| ١٠. | پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/٥/١٤ |
| ١١. | پرۆژە یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/٥/١٤ |
| ١٢. | پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/٥/١٤ |
| ١٣. | پرۆژە یاسایی دەستەی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان– عێراق | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ١٤. | پرۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق. | ٢٠١٤/٥/١٤ |
| ١٥. | پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق. – ١ – | ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ١٦. | پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.–٢– | ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ١٧. | پرۆژە یاسای کۆتایی هاتن بەکارکردن بە یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ١٨. | پرۆژە یاسای بەکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لە عیراق. | ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ١٩. | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق. | ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ٢٠. | پرۆژە یاسای دەستەی نیشتمانی بۆ دانوستان. | ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ٢١. | پرۆژە یاسای پشکی هاونیشتیمانیان لەسامانە سروشتەکان. | ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ٢٢. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە(١٣)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو. | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٢٣. | پرۆژە یاسای پاراستنی خواردەمەنی. | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٢٤. | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی مووچە. | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٢٥. | پرۆژە یاسای رێکخستنی چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق. | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٢٦. | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی دەستەبەری (تضمین) ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٠٦. | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٢٧. | پرۆژە یاسای هاوکاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر. | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٢٨. | پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای تیرۆر. | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٢٩. | پرۆژە یاسای سندوقی مووچە و خانەنشنیی هەرێمی کوردستان ـ عیراق. | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٣٠. | پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق. | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٣١. | پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی –١– | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٣٢. | پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی –٢– | ٢٠١٤/٧/٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٣. | پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای کاروباری دانوستان. | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٣٤. | پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەکانی کوردستان. | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٣٥. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە لەهەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی سالّی ٢٠١٢. | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٣٦. | پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکالّی لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٣٧. | پرۆژە بڕیاری جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری. | ٢٠١٤/٩/٣ |
| ٣٨. | پرۆژە بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی کارەساتی شەنگال. | ٢٠١٤/٩/٣ |
| ٣٩. | پرۆژە بڕیاری دانانی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد (کوردانی ئێزیدی) ئەنجام دراون بە تاوانی کۆمەلّ کوژی. | ٢٠١٤/٩/٣ |
| ٤٠. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١)ی سالّی ١٩٦٩. | ٢٠١٤/٩/٣ |
| ٤١. | پرۆژە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیەکان لە هەرێمی کوردســـتان ـ عێراق. | ٢٠١٤/٩/٣ |
| ٤٢. | پرۆژە یاسای ڕێکخستنی مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/٩/٢٣ |
| ٤٣. | پرۆژە یاسای پەروەردە و خوێندن. | ٢٠١٤/٩/٣ |
| ٤٤. | پرۆژە یاسای پەروەردە لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/٩/٢٣ |
| ٤٥. | پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن لەهەرێمی کوردستان. | ٢٠١٥/٣/٩ |
| ٤٦. | پرۆژە بریاری هەموارکردنی پەیرەوی ناوخۆی و پەرلەمانی کوردستان– | ٢٠١٤/٩/٢٣ |
| ٤٧. | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣) سالّی ٢٠١١. | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٤٨. | پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەلاّیەتی. | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٤٩. | پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەلاّیەتی بۆکابانی مالّ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق. | ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ٥٠. | پرۆژە یاسا بۆ چاودێریی بەسالاّچوان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.–١– | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٥١. | پرۆژە یاسا بۆ چاودێریی بەسالاّچوان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.–٢– | ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٥٢. | پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی سالّی ١٩٨٠ی هەموار کراو. | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٥٣. | پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەلاّیەتی بۆ مندالاّنی بێ باوك. | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٥٤. | پرۆژە یاسای تایبەت بە کورتە بالاّکان لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٥٥. | پرۆژە یاسای دلّنیایی کۆمەلاّیەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٢٤ |
| ٥٦. | پرۆژە یاسای هێلە گشتیەکانی دەستەبەری کۆمەلاّیەتی لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ٥٧. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی سالّی ١٩٦٩. –١– | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٥٨. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی سالّی ١٩٦٩. –٢– | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٥٩. | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ی سالّی ١٩٨٨ عێراقی. | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٦٠. | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لە شفرۆشی. | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٦١. | پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق. –١– | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٦٢. | پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. –٢– | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٦٣. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠٠٩. | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٦٤. | پرۆژە یاسای ڕێپێدراوی شەرعی ـ المأذون الشرعي. | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٦٥. | پرۆژە یاسای (القانون الاساسي لجمعية الهلال الاحمر الكردستاني). | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٦٦. | پرۆژە بڕیاری (استحداث محافظة زاخو في اقليم كوردستان ـ العراق). | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٦٧. | پرۆژە بڕیاری (ستایشی فەرمانبەران) لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بەپێی ماددەی (٧١) لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق. | ٢٠١٤/١١/١٠ |
| ٦٨. | پرۆژی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی سالّی ٢٠٠٨، بەپێی ماددەی (٧١) لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق. | ٢٠١٤/١١/١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٩. | پرۆژە یاسای (راکێشانی مایە لە ڕێگای قـەرزکردن لـە هـەرێمی کوردسـتان– عێـراق). لەلەیـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە نێردراوە | ٢٠١٤/١١/١٩ |
| ٧٠. | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ | ٢٠١٤/١١/١٩ |
| ٧١. | پرۆژە یاسـای (کۆمپانیای کوردسـتان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق | ٢٠١٤/١١/٢٥ |
| ٧٢. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی  هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٣ |
| ٧٣. | پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کارمەندانی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٣ |
| ٧٤. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو. لەلەیەن ئەنجومەنی وەزیران | ٢٠١٤/١٢/٣ |
| ٧٥. | پرۆژە بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی دوو پێشمەرگە یان زیاتر لە هەر خێزانێك بۆ بەرەکانی شەڕ. | ٢٠١٤/١٢/٣ |
| ٧٦. | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و بەرهەمەکانی. | ٢٠١٤/١٢/٩ |
| ٧٧. | پرۆژە یاسای بەکارکردن و هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغی نەوت و بەرهەمەکانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٩ |
| ٧٨. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٩ |
| ٧٩. | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسی چاودێریی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٨٠. | پرۆژە یاسای سرودی نیشتمانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق. –١– | ٢٠١٤/١٢/٩ |
| ٨١. | پرۆژە یاسای سرودی نیشتمانی ئەی رەقیب. –٢– | ٢٠١٤/١٢/٩ |
| ٨٢. | پرۆژە بڕیاری باشکردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە. | ٢٠١٤/١٢/٩ |
| ٨٣. | پرۆژە یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ ڕاپرسی. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٨٤. | پرۆژە بڕیاری ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و کەس و کاری شەهیدان. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٨٥. | پرۆژە بڕیاری بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە قیستی پێشینەکانی خانووبەرە و هاوسەرگیری. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٨٦. | پرۆژە بڕیاری هەژمارکردنی یەك ساڵ خزمەت (قدم) بۆ پێشمەرگە و ئەفسەرانەی لەبەرەکانی شەڕدان. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٨٧. | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٨٨. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ماف و ئیمتیـازاتی کـەس و کـاری شـەهید و ئەنفالکراوەکان . | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٨٩. | پرۆژە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٩٠. | پرۆژە یاسای ئەندامی چاودێری پەرلەمانی کوردستان. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٩١. | پرۆژە یاسای دیکۆمێنتپارێزی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٩٢. | پرۆژە یاسای ناوەندی پاراستنی دەسنوسەکانی کوردستان. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٩٣. | پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی. | ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٩٤. | پرۆژە یاسای هـەمواری یەکـەمی یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی ٢٠١٤، یاسـای کۆمسـیۆنی باڵـای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسی. | ٢٠١٤/١٢/١٨ |
| ٩٥. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق) ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧. | ٢٠١٤/١٢/١٨ |
| ٩٦. | پرۆژی یاسای دەستەی کۆچ و کۆچبەران لە هەرێم. | ٢٠١٤/١٢/١٨ |
| ٩٧. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ | ٢٠١٤/١٢/١٨ |
| ٩٨. | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٤/١٢/٢٤ |
| ٩٩. | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٢٤ |
| ١٠٠. | پرۆژە یاسای بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش لە سولفەی هاوسەرگیری و قەرزی خانووبەرە. | ٢٠١٤/١٢/٢٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠١. | پرۆژە بڕیاری بەخشینی شەهیدان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە پێشینەی خانووبەرە و هاوسەرگیری. | ٢٠١٤/١٢/٢٤ |
| ١٠٢. | پرۆژە بڕیاری هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە بۆ ئەو کەسانەی زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە. | ٢٠١٤/١٢/٢٤ |
| ١٠٣. | پرۆژە بڕیاری پاراستنی سەروەری کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٢٤ |
| ١٠٤. | پرۆژە بڕیاری چۆڵکردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١٠٥. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١٠٦. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١٠٧. | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هۆشبەرکان ژمارە (٦٨)ی ساڵی ١٩٦٥ی هەموارکراو. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١٠٨. | پرۆژە بڕیار دەربارەی پلەبەندی وەزیفی و شوێنی دامەزراندنی دەرچوانی زانستە سیاسیەکان. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١٠٩. | پرۆژە بڕیاری پلەی وەزیفی بۆ دەرچووانی زانستە سیاسیەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١١٠. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١١١. | پرۆژە یاسای دەستەی گشتیی سەلامەتی و باشیی بەرهەمە خۆماڵی و هاوردەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١١٢. | پرۆژە یاسای پاراستنی یەکێتی گەل و خاکی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١١٣. | پرۆژە یاسای دانانی نۆرینگەی پزیشکی ددان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١١٤. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١١٥. | پرۆژە بڕیاری تایبەت بە هەموارکردنی مووچەی پلە تایبەتیەکانی هەرسێ سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەکانیان. | ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ١١٦. | پرۆژە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق | ٢٠١٥/١/٢٧ |
| ١١٧. | پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق | ٢٠١٥/٢/٥ |
| ١١٨. | پرۆژە یاسای داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستان. | ٢٠١٥/٣/٩ |
| ١١٩. | پرۆژە یاسای جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و گشتی لە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٥/٣/٩ |
| ١٢٠. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی مووچە. | ٢٠١٥/٣/٩ |
| ١٢١. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی مووچەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٥/٣/٩ |
| ١٢٢. | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٥/٣/٩ |
| ١٢٣. | پرۆژە یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی. | ٢٠١٥/٣/٩ |
| ١٢٤. | پرۆژە بڕیاری بەپارێزگاکردنی شاری کۆیە لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٥/٤/١ |
| ١٢٥. | پرۆژە بڕیاری قەرەبوکردنەوەی شەهید و بریندارانی خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتی ٢٠١١ و رۆژانی دوایی. | ٢٠١٥/٤/١ |
| ١٢٦. | پرۆژە بڕیاری ناونانی شاری ڕانیە بەپایتەختی ئازادی. | ٢٠١٥-٤-٧ |
| ١٢٧. | پرۆژە بڕیاری بە پارێزگاکردنی ئیدارەی گەرمیان | ٢٠١٥-٤-٧ |
| ١٢٨. | پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٥/٤/٢١ |
| ١٢٩. | پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتنی نەوت و بەروبوومەکانی KODO. | ٢٠١٥/٤/٢١ |
| ١٣٠. | پرۆژە هەمواری یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٥/٤/٢١ |
| ١٣١. | پرۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی ئۆپەراسیۆنەکانی کۆچپێکردنی زۆرە ملێی دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان | ٢٠١٥/٤/٢١ |
| ١٣٢. | پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی نەخۆش و پزیشك و کارمەندە تەندروستییەکان. | ٢٠١٥/٤/٢١ |
| ١٣٣. | پرۆژە بڕیاری دیاریکردنی رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك رۆژی جینۆسایدکردنی شنگال. | ٢٠١٥/٤/٢١ |
| ١٣٤. | پرۆژە بڕیاری تایبەت بە پەنابەران و دیپۆرتکراوان. | ٢٠١٥/٤/٢١ |
| ١٣٥. | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٥/٤/٢٩ |
| ١٣٦. | پرۆژە یاسای دوورکەوتنەوە لە سوکایەتی کردن بە ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٥/٤/٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| .١٣٧ | پڕۆژە یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٥/٤/٢٩ |
| .١٣٨ | پڕۆژە یاسای پێداچوونەوە و رێکخستنەوەی خانەنشینیی مەدەنی و سەربازی. | ٢٠١٥/٥/٢٠ |
| .١٣٩ | پڕۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراوی ئاڵوگۆڕکردن لە بازارە نێوخۆییەکانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراوی عێراقی فیدراڵ. | ٢٠١٥/٥/٢٠ |
| .١٤٠ | پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای جێبەجێکردنی عێراق ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠. | ٢٠١٥/٥/٢٠ |
| .١٤١ | پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی  یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای کوژاندنەوە و ئیفرازکردنی زەوییەکان لە ناو سنووری شارەوانییەکاندا. | ٢٠١٥/٥/٢٠ |
| .١٤٢ | پڕۆژە یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی پێشمەرگە. | ٢٠١٥/٥/٢٠ |
| .١٤٣ | پڕۆژە بڕیاری دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە جەنگی دژی تیرۆریستانی داعشدان و خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون نین. | ٢٠١٥/٥/٢٠ |
| .١٤٤ | پڕۆژە یاسای تاقانەکانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدکراوەکان. | ٢٠١٥/٦/٩ |
| .١٤٥ | پڕۆژە یاسای نەبڕینی مووچەی تاقانە | ٢٠١٥/٦/٩ |
| .١٤٦ | پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای زمانە فەرمییەکان، ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤. | ٢٠١٥/٦/٩ |
| .١٤٧ | پڕۆژە یاسای قەدەغەکردنی پیادەکردن و ڕەفتاری پێشلکار بۆ مۆراڵ و ڕەوشتەکانی پیشە بۆ پیشە پزیشکی و تەندروستیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | ٢٠١٥/٦/٢٢ |
| .١٤٨ | پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥. | ٢٠١٥/٦/٢٢ |
| .١٤٩ | پڕۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتبی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی  ٢٠٠٥. | ٢٠١٥/٦/٢٢ |
| .١٥٠ | پڕۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتبی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی  ٢٠٠٥. | ٢٠١٥/٦/٢٢ |
| .١٥١ | پڕۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی  ٢٠٠٥. | ٢٠١٥/٦/٢٢ |
| .١٥٢ | پڕۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بارە مەدەنییەکانی ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٧٢ی هەموارکراو. | ٢٠١٥/٦/٢٢ |
| .١٥٣ | پڕۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩. | ٢٠١٥/٦/٣٠ |
| .١٥٤ | پڕۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سەندوقی خانەنشینیی پارێزەران، ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو. | ٢٠١٥/٦/٣٠ |
| .١٥٥ | پڕۆژە یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٥/٦/٣٠ |
| .١٥٦ | پڕۆژە یاسای راگرتنی کارکردن بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە. | ٢٠١٧/٩/٢٣ |
| .١٥٧ | لە پڕۆژە یاسای کارکردن بە یاسای تیرۆردا. | ٢٠١٧/٩/٢٣ |
| .١٥٨ | پڕۆژە یاسای بەردەوام بوونی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان–عێراق. | ٢٠١٧/١٠/١٨ |
| .١٥٩ | پڕۆژە یاسای ( دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە گشتییەکانی هەرێم) بە پێی ماددەی (٧١) لە پەیرەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو. | ٢٩/١٠/٢٠١٧ |
| .١٦٠ | پڕۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم. | ٢٠١٧/٩/٣٠، |
| ١٦١ | پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێم | ٢٠١٧/١١/١٥ |
| ١٦٢ | پڕۆژە یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | ٢٠١٧/١١/١٥ |
| ١٦٣ | پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێم. | ٢٠١٧/١١/١٥ |
| ١٦٤ | پڕۆژە یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان–عێراق | ٢٠١٧/١١/١٥ |
| .١٦٥ | پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| .١٦٦ | پڕۆژە یاسای ئەنجوومەنی کاروباری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| .١٦٧ | پڕۆژە یاسای دەستەی یەکە پزیشکییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| .١٦٨ | پڕۆژە یاسای هەمواری پێبژاردن (الغرامات)، لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو. | ٢٠١٧/١٢/٦ |

| | | |
|---|---|---|
| .١٦٩ | پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| .١٧٠ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو. | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| .١٧١ | پرۆژە یاسای زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت. | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| .١٧٢ | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونـەوەی خێـزان لـە توندوتیـژی ژمـارە (٨)ی سـاڵی ٢٠١١ لـە هـەرێمی کوردستان. | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| .١٧٣ | بەپشووی فەرمی نەکردنی رۆژی (١/٦) کە دەکاتە رۆژی دامەزراندنی سوپای عیراق. | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| .١٧٤ | پرۆژە بریاری رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەیی تورکمان. | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| .١٧٥ | –بریاری دروستکردنی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ مووچەخۆرانی هەرێم. | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| .١٧٦ | بریاری پاکسازی لە لیستی مووچەخۆران. | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| .١٧٧ | بریاری دەستبەسەرداگرتن و گەڕاندنەوەی ئەو موڵك و سامانانەی بەناڕەوا بەدەستهاتوون. | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| .١٧٨ | پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لەهەرێمی کوردستان. | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٧٩ | پرۆژە یاسای بەدامەزراوەییکردنی هێزە چەکدارەکانی کوردستان–عێراق | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٠ | پـرۆژە یاسـای بـەرکارکردنی یاسـای نەهێشـتنی بازرگـانیکردن بـەمرۆڤ ژمـارە (٢٨)ی سـاڵی ٢٠١٢ی عێـراق لەهـەرێمی کوردستان | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨١ | پرۆژە یاسای ئاوەدانیی گوندەکانی کوردستان، | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٢ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی (قانون الحفاظ علي الوثائق– لسنة ٢٠١٦) لەهەرێمی کوردستان– عێراق، | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٣ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی (قانون المتضررين الذين فقدوا جزءاً من اجسادهم جراء ممارسات النظام البائد–رقم (٥) لسنة ٢٠٠٩) لەهەرێمی کوردستان–عێراق، | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٤ | پرۆژەیاسای بەرکارکردنی (قانون التوقيع الالكتروني والمعاملات الالكترونية رقم (٧٨) لسنة ٢٠١٢) لەهەرێمی کوردستان. | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٥ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی (قانون مكافحة غسل الاموال وتمويل الارهاب رقم (٣٩) لسنة ٢٠١٥) لەهەرێمی کوردستان، | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٦ | پرۆژە بریاری داگیرکردنی موڵکی گشتی بەمەبەستی دروستکردنی باخ، | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٧ | پرۆژە بریاری بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی ناساندنی کارەساتی قەزای خورماتوو و باقی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٨ | پـرۆژە بریـاری پێکهێنـانی لیژنەیـەکی کـاتیی پەرلـەمان بەمەبەسـتی بەدواداچـوون لـە کـردەوەی جینۆسـاید بەرامبـەر بەهاووڵاتییانی کوردی قەزای دووزخورماتوو و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان لەدەوروبـەری رێکـەوتی ٢٠١٧/١٠/١٦، لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستپێکردووە. | ٢٠١٨/١/١٠ |
| .١٨٩ | پرۆژە یاسای پاراستنی تۆڕ و دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان–عێراق، | ٢٠١٨/١/٣٠ |
| .١٩٠ | پرۆژە یاسای دەستەبەرکردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٨/٢/٦ |
| .١٩١ | پرۆژە یاسای رێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان. | ٢٠١٨/٢/٦ |
| .١٩٢ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای دەستەبەری (تضمين) ژمارە (٣١)ی ساڵی (٢٠١٥) لەهەرێمی کوردستان | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| .١٩٣ | پرۆژە یاسای ئەکادیمیای زانستی سریانی لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| .١٩٤ | پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەموارکردن و جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ی عێراق لە هەرێمی کوردستان | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| .١٩٥ | پـرۆژە یاسـای هـەمواری یەکـەمی یاسـای دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکایەتیی هـەرێمی بەسـەر دامـەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠١٧ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| .١٩٦ | پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستا | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| .١٩٧ | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| .١٩٨ | پرۆژە بریاری بە جینۆسـایدناسـاندنی کارەسـاتی شنـگال. | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| .١٩٩ | پرۆژە یاسای پارێزگاری لەتۆرەکانی ئاو و ئاوەڕۆ | ٢٠١٨/٠٧/٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٠. | پرۆژە یاسای پێشوازیکردن بەپێی پرۆتۆکۆڵ | ٢٠١٨/٠٧/٢ |
| ٢٠١. | یاسای هەمواری یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە ٨٧ی ساڵی ١٩٧٩ هەموارکراو لەهەرێم | ٢٠١٨/٠٧/٠٩ |
| ٢٠٢. | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٢ رێگا گشتییەکانی هەرێم | ٢٠١٨/٠٧/٠٩ |
| ٢٠٣. | پرۆژە بریاری تەملیککردنی ئەو زەوییانەی زێدەرۆییان لەسەر کراوە لەسنووری شارەوانییەکان | ٢٠١٨/٠٧/٠٩ |
| ٢٠٤. | پرۆژە یاساکانی (هەمواری سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان) | ٢٠١٨/٠٧/١٠ |
| ٢٠٥. | هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم | ٢٠١٨/٠٧/١٠ |
| ٢٠٦. | پرۆژە یاسای هەمواری پەیمانگەی دادوەری لە هەرێمی کوردستان | ٢٠١٨/٠٧/١١ |
| ٢٠٧. | پرۆژە یاسای (دەزگای کۆنترۆلی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق). | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢٠٨. | پرۆژە یاسای (پارێزگاریکردن لەهێما و پیرۆزییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان). | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢٠٩. | پرۆژە یاسای (تعویض متضرري الحروب في کوردستان). | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢١٠. | پرۆژە یاسای بەرکاری (قانون حماية الشهود والخبراء والمخبرين والمجني عليهم رقم (٥٨) لسنة ٢٠١٧). | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢١١. | پرۆژە یاسای بەرکاری (استيراد و بيع المنتجات النفطية رقم (٩) لسنة ٢٠٠٦). | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢١٢. | پرۆژە یاسای بەرکاری (قانون بط الاموال المهربة والممنوع تداولها في الاسواق المحلية رقم (١٨) لسنة ٢٠٠٨). | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢١٣. | پرۆژە بڕیاری (زیندووکردنی حەفتەی پێکەوەژیانی ئایینان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق). | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |

*–لەلایەن ئەندامان و حکومەتەوە ٣٠٩ پرۆژە یاسا و بڕیار پێشکەشکراون، ٢١٣ یان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆکراوە و ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، ٩٦ پرۆژەش مانەوەو خوێندنەوەیان بۆ نەکرا، ئەوە دەگەیەنێ کە پەرلەمان و لیژنەکان کارا نەبوون، بۆیە ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژە یاسا ماونەتەوەو نەکراون بە یاسا، کە تەنها (١٠٪)ی ئەو پرۆژانە کراون بە یاسا کە پێشکەشکرابوون.

*–ژمارەیەك پرۆژە یاسا دوای کارکردنێکی زۆریش لە لیژنەکان، خوێندنەوەی دووەمیان بۆ نەکرا. چەند پرۆژە یاسایەکی گرنگ لەبەردەست خولی چوارەمدا بوو لەوانە (پرۆژە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵەکان، هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەرکارکردنی یاسای بازرگانی بە مرۆڤ، خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای هاوکاری کۆمەڵایەتی) بەڵام ئەو یاسایانە بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندی خەڵك بوو دەرنەچوێنران.

# ئەو یاسایانەی لە خولی چوارەمی پەرلەماندا پەسەندکران

**ئەو یاسایانەی ساڵی (٢٠١٤) پەسەندکراون:**

١. یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو. [٨]

٢. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. [٩]

٣. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی. [١٠]

٤. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. [١١]

٥. هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان. (لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕەت کرایەوە) [١٢]

٦. یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤– یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. [١٣]

٧. یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤– یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١. [١٤]

---

(٨)–ئەم یاسایە تەنها یەك مادەی هەموار بوو بۆ کابینەی نۆیەم جێ بەجێکرا.

(٩)–ئەم یاسایە هەمان یاسای پێشتر بوو تەنها درێژکرایەوە بۆ دوو ساڵی تر.

(١٠)–هەرچەندە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەناو پێکهێنرا، بەلام نەیتوانی وەك پێویست ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

(١١)–دەرکردنی ئەم یاسایە کارێکی باش بوو بۆ ئەوەی بودجەی کوردستان لەدەست ئەو بەهەدەردانە زۆرەی حزبەکان دەربازی بێت، بەلام لەکاتێکدا دەرکراوە کە هەرێم ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی ببویەوەو یاساکە لەمەیدانی پراکتیکدا جێبەجێ نەکرا، هەرچەندە بەپێی یاساکە کەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتە بەپێی ئەم یاسایە حکومەت قەرزاری حزبەکان دەبێت. بەپێی مادەی (٧)ی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ ی پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان–عیراق، هاتووە:"ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت". یاساکە لە وەقائیعدا بلاو کراوەتەوە، واتە لەو کاتەوە یاساکە بەرکارەو حکومەت قەرزاری حزبەکانە.

(١٢)–ئەم یاسایە دووای مانگێك و (٩) ڕۆژ لە دەرچوونیەوە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕەت کرایەوە، دوای (دوو مانگ و چوار ڕۆژ) لە ڕەتکردنەوەی، لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە ٢٠١٤/١٠/٢٢ سەرۆکایەتی خستیەوە بەرنامەی کار و دوای خست بۆ سەرەتای خولی گرێدانی ئاییندە. بە بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ی سەرۆکی هەرێم کە لە ٢٠١٤/٨/١٨ دەرچووە، و بە نوسراوی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (د.٤٩٧) لە ٢٠١٤/٨/٢٤ بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ناردراوە، ئەم یاسایە ڕەد کراوەتەوە. بڕیار بوو لە خولی بەهارەی ٢٠١٥ بخرێتەوە بەرنامەی کار و پەسەند بکرێتەوە، بەلام نەکرا.

(١٣)–یاسای زمانە فەرمیەکان لەئەنجامی نەشارەزایی ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەری حکومەتەوە لە کرۆکی بابەتەکە، لەکاتی پەسەندکردندا بەکەموکورییەوە تێپەڕێنرا، ئێستا کە ماوەی ساڵێکە یاساکەش دەرچووە بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە هیچ لایەن و دەزگایەك بەرپرس نەکراوە لە جێبەجێکردن و بەدواداچوونی.

٨. یاسـای ژمـارە (٨)ی سـاڵی ٢٠١٤ یاسـای هـەمواری دەیـەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.[١٥]

٩. یاسـای ژمـارە (٩)ی سـاڵی ٢٠١٤ی یاسـای هـەمواری یەکـەمی یاسـای وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و توێژینەوەی زانستی.[١٦]

**ئەو یاسایانەی ساڵی (٢٠١٥) پەسەندکراون:**

١٠. یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[١٧]

١١.یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان.[١٨]

١٢. یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای هەمواركردنی جێبەجێ کردنی یاسای سـزادانی عێراقـی ژمـارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان.[١٩]

١٣. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان–عێراق.[٢٠]

١٤. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی ماف پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[٢١]

---

(١٤)– ئەم یاسایە سەرەتا کاری نایاسایی لە خوێندنەوەی یەکەمیدا بوو، ئەو خوێندنەوەیەی لە دانیشتنی دانیشتنی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ بۆی کرا لەلایەن خودی دەستەی دەستپاکیەوە نێردرا بوو، ئەمەش کارێکی نایاسایی بوو چونکە دەستە بۆی نیە پرۆژە یاسا ئاراستەی پەرلەمان بکات. هەر بۆیە جارێکیتر لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ بۆ دووەم جار خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەمان پرۆژە کرایەوە کە ئەمجارەیان بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکرابوو، یاساکە پەسەند کراو ناڕەزایی لێکەوتەوە، بۆیە سەرۆکی هەرێم رەتی کردەوەو دواتر لە پەرلەمان دووبارە پەسەندکرایەوە.

(١٥)– ئەم یاسایە تەنها زیادکردنی پۆستی وەزیرێکی هەرێم (وەزیری بێ وەزارەت) بوو بۆ سەر ستافی ئەنجومەنی وەزیران بۆ رازیکردنی لایەنێکی سیاسی کە پرۆژەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردرابوو.

(١٦)– ئەم یاسایە لەکاتی گفتوگۆکردنی بەمەبەستی پەسەندکردن لەلایەن پەرلەمانەوە، دەبوایە وەزیری خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی ئامادەی گفتوگۆکە بێت، بەلام بەڕێزیان سەرباری ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە ئاگاداریش کرابوونەوە، پێشێلی یاسایانکرد و ئامادەی دانیشتنەکە نەبون، بەپێی بەدواداچوونمان بەڕێزیان لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەچۆتە پەرلەمان، سەرباری ئەوەی ئەم یاسایە پەسەندکراوە بەلام تا ئێستاش نە ڕێنمایی بۆ دەرچووەو و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنیشەوە.

(١٧)– ئەم یاسایە دەرچووە بەلام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت وەك پێویست نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو دامەزراوەکانی ئەم ئیدارەیە پێکنەهێنراون و ئەندامانی ئەنجومەنیش دەستنیشان نەکراون.

(١٨)– ئەم یاسایە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، سێ مانگ دانرابوو بۆ ئەوەی ئەندامەکانی دەستنیشان بکرێن، بەلام تا ئێستاش هەنگاو نەنراوەو دەستبەکار نەبونە، ڕێنماییش بۆ یاساکە دەرنەچووە.

(١٩)– ئەم یاسا تا ئێستاش نە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

(٢٠)– یاسایەکی تەوافوقییەو دەستی ئەندامانی لیژنەکەی بەستووە، لە یاساکەدا هاتووە کە لیژنەکە لە(٢١) ئەندام پێکدێت، بەلام تا ئێستاش تەنها (٢٠) ئەندام دەستبەکار بوونە. وادەی دانراو بەپێی یاساکە کۆتایی هات، بەلام ئیشەکانی لیژنە تەواو نەبووە. پێویست بوو لە پەرلەمان ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بەلام نەکراوە.

١٥. ياسای ژماره (٦)ی ساڵی ٢٠١٥ هەمواری دووەمی یاسای جێبەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژماره (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان–عێراق. [٢٢]

١٦. یاسای ژماره (٧)ی ساڵی ٢٠١٥ی یاسای راکێشانی مایه لەرێگای قەرزکردن لەهەرێمی کوردستان–عێراق. [٢٣]

١٧. یاسای ژماره (٨)ساڵی ٢٠١٥ یاسای ڕاگرتنی کارکردن به یاسای به کرێدانی خانووبەره ژماره (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ له هەرێمی کوردستان–عیراق. [٢٤]

١٨. یاسای ژماره (٩)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لەهەرێمی کوردستان–عێراق. [٢٥]

## ئەو یاسایانەی ساڵی (٢٠١٧) پەسەندكراون:

١٩. یاسای ژماره (١)ی ساڵی ٢٠١٧ ی یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان عێراق.

٢٠.یاسای ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوه دەستوورییەکانی هەرێم.

٢١. یاسای ژماره (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ی هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوبەره ژماره (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان–عێراق. [٢٦]

٢٢. یاسای ژماره (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ی یاسای لێبوردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[٢٧]

---

(٢١)– یەکێك له یاسا باش و مەدەنیەکانه که بواری پیادەکردنی مافەکانی هەریەك له پێکهاته ئایینی و ئیتنیەکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات گەر بچێته بواری جێبەجێکردنەوه.

(٢٢)– ئەم یاسایه رێنمایی بۆ دەرنەچووه، دادگا وەك پێویست جێبەجێی ناکات و نه چۆته بواری جێبەجێکردنیشەوه.

(٢٣)– ئەم یاسایه سەرباری ئەوەی ناڕەزایی زۆری لەسەر بوو، له دانیشتنی ئاسایی ژماره (١٣)ی رۆژی (٢٠١٥/٦/٢) پەسەندکرا، بەلام شێوازی پەسەندکردنەکەی نایاسایی بوو، چونکه لەکاتی گفتوگۆ و دەنگدانی بەشێکی زۆر له مادەکانیدا نیصابی یاسایی ئەندامان له هۆڵی کۆبوونەوەدا ئامادە نەبوون. دواتر بەهۆی یاداشت و بەدواداچوونی (ئەنستتیۆتی پەی) که چاودێری رەوشی پەسەندکردنی یاساکەی دەکرد، داوامان له سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد پەسەندکردنی ئەم یاسایه پێویستی به دووباره گەڕانەوەیه بۆ هۆڵی پەرلەمان، چونکه پرۆسەی پەسەندکردنەکەی نایاسایی بووه. ئەوەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان دووباره گێڕایەوه نێو هۆڵی پەرلەمان و لەدانیشتنی ژماره (١٥)ی رۆژی (٢٠١٥/٦/١٦) دووباره دەنگی لەسەر درایەوه. ئێستاشی لەگەلدابێت یاساکه نەچۆته بواری جێبەجێکردنەوەو ئەنجومەنی وەزیران بەفەرمی رایگەیاند که پرۆسەی قەرزیان وەستاندووه.

(٢٤)–ئەم یاسایه تەنها یەك مادەیه که تیایدا راگرتنی یاساکەی له جێبەجێکردن راگەیاندووه وبۆ ماوەی ساڵێك دوایخستووه.

(٢٥) – تا ئێستا رێنمایی بۆ ئەم یاسایه دەرنەچووه و نەچۆته بواری جێبەجێکردنەوه

(٢٦)–ئەم یاسایه رۆژی (٢٠١٧/١٢/٦) پەسەند کرا.

## ئەو یاسایانەی ساڵی (٢٠١٨) پەسەندکراون:

٢٣. یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای بەخشین وچاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان–عێراق یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای بەخشین وچاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان–عێراق.

٢٤. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای هەمواری یەکەمی هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لەهەرێمی کوردستان–عێراق یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای هەمواری یەکەمی هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لەهەرێمی کوردستان–عێراق.

٢٥. یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای رێگری لەزیادەڕۆیی ولابردنی لەسەر زەوی وزار ومولکی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان–عێراق.

٢٦. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ی چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراق. [٢٨] (ئەم یاسایە دوای پەسەند کردنی رەت کرایەوە)

٢٧. یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (٢٥) ی ساڵی (١٩٦٠) . [٢٩]

٢٨. یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠١٢)ی عێراق. [٣٠]

٢٩. یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای درێژکردنەوەی کاکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) . [٣١]

---

(٢٧)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٧/١٢/١٧) پەسەند کرا. یەکێك بوو لەو یاسایانەی بە یاسا یاساشکێنی پێکراو هەم نارەزایی لێکەوتەوەو هەم ژمارەیەك تاوانباری لە زیندانەکان هێنایەدەرەوە.

(٢٨)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٢/٢٧) ئەم یاسایە پەسەند کرا. لە ئەنجامی ئەو فشارە جەماوەریە زۆرەی هەبوو، هەندێك لە فراکسیۆنەکان نارەزاییان دەربڕی و گوایە پێی رازی نین، لە رۆژی ٢٠١٨/٣/٤ سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری رەتکردنەوەو گێڕانەوەی یاساکەیدا بۆ پەرلەمان بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوەی، بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرکەوتوو نەبوو لەوەی جارێکی تر گفتوگۆی بکاتەوە.

(٢٩)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٠٦/٢٦) بەرکار کرا.

(٣٠)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٠٦/٢٦) بەرکار کرا. ئەم یاسایە لەساڵی (٢٠١٢) لە عێراق پەسەندکراوە، بەبێ رەچاوکردنی هەلومەرج و تایبەتمەندی هەرێم پەرلەمان کۆی یاساکە بەدەق وەك خۆی پەسندکرا. سزای لە سێدارەدان هاتەوە ناو یاسایەکی دیکەی هەرێمی کوردستان. بەبێ ئەوەی یەك پەرلەمانتار دەنگی نەخێر دژ بە سزای لە سێدارەدان بەر زبکاتەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی پەرلەمانتاران بانگەشەی رێزگرتن لە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

٣٠.یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە(١٧) ساڵی (١٩٩٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.[٣٢]

٣١. یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سندوق خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (١٨)ی ساڵی (١٩٩٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان. [٣٣]

٣٢. یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم. [٣٤]

٣٣. یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەمواری سێیەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان. [٣٥]

---

(٣١)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٠٧/١) پەسەند کرا. پرۆژە یاساکە بە دەنگی پەرلەمانتارانی (یەکێتیو پارتیو گۆرانو یەکگرتووی ئیسلامی) درێژکرایەوەو هاوکات فراکسیۆنەکانی کۆمەڵو بزووتنەوەی ئیسلامی دژی درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بوون بە یاساکە. لای رۆژنامەنوسان و رۆشنبیرانیش رەخنەو سەرنجی زۆر سەبارەت بە یاساکە دەربڕدرا.

(٣٢)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٠٧/٢) پەسەند کرا.

(٣٣)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٠٧/٢) پەسەند کرا. لەهۆکارەکانی دەرچواندنی یاساکەدا هاتووە، لەپێناو پاراستنی ماف و دابین کردنی ژیانێکی شایستە بۆ پارێزەران و خێزانەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، ئەم یاسایە دەرچوێنراوە.

(٣٤)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٠٧/١١) پەسەند کرا. ئەم یاسایەش رەخنەی چەندین لایەنی سیاسی و کەسانی ئەکادیمی و رۆژنامەوانی لێکەوتەوە.

(٣٥)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٠٧/١٥) پەسەند کرا.

## ئەو بڕیارانەی لە خولی چوارەمدا پەسەندکران

١-بڕیاری ژمارە (١٦) بڕیاری ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ و بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٢- بڕیاری ژمارە (١٨) بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش.

٣- بڕیاری ژمارە (١٩) بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە.

٤- بڕیاری ژمارە (٢٣) بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان ـ عێراق.

٥-بڕیاری ژمارە (٢٤) بڕیاری پاڵپشتی کردنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆبەڕێوەبردن. [٣٦]

٦-بڕیاری ژمارە (٢٨) تایبەت بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ. [٣٧]

٧-بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستان ـ عێراق. [٣٨]

٨-بڕیاری ژمارە(١٧)ی ساڵی (٢٠١٨) پێشوازیکردن بەپێی پرۆتۆکۆل لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە فڕۆکەخانەکان و خاڵە سنوررییەکان. [٣٩]

---

(٣٦)-دەبوایە پەرلەمان لەو بڕیارەدا بەڕوونی دان بەکانتۆنەکاندا بنێت، بەلام مەسەلەی دانانان لەبڕیارەکەدا نەهاتووە.

(٣٧)-دەبوایە لەو بڕیارەدا ئیشارەت بەوە بدرایە کە ئەو هێزەی دەچێت بۆ کۆبانێ بە هەماهەنگی و ڕەزامەندی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا بێت، سەرباری ئەوەی زیاد لە (٣) پەرلەمانتار داوایانکرد، بەلام سەرۆکی پەرلەمان نەی خستە دەنگدانەوەو ئەم دەستەواژەیەشی لە بڕیارەکەدا زیاد نەکرد. هەروەها دەبوایە مێژووی ئەم پرۆسەیە دیاری بکرابوایە، بەلام لە بڕیارەکەدا هیچ مێژوویێك دیاری نەکراوە.

(٣٨) – ئەم بڕیارە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

(٣٩)-ئەم بڕیارە ڕۆژی (٢٠١٨/٧/١١) پەسەند کرا .

**راسپاردە:**

–ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٥ پەرلـەمان راسـپاردەیەکی پێـنج خـاڵی دەرکـرد سـەبارەت بـە پرسـی ریفرانـدۆم و سەربەخۆیی کوردستان.

راسپاردەکانی پەرلەمان سەبارەت بەپرسی ریفراندۆم

یەکەم: پەرلەمانی کوردسـتان کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و راپرسـی رادەسـپێرێت کـەڕۆژی دووشـەممە رێکـەوتی (٢٠١٧/٠٩/٢٥) لەهـەرێمی کوردسـتان و سـەرجەم ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، راپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدات.

دووەم: پەرلەمانی کوردستان سەرجەم ئەو رێککارانـە پەسـەند دەکـات کـە کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتوویانەتەبەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم.

سـێیەم: کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و راپرسـی، سـەبارەت بەمیکانیزمـە یاسـاییەکانی بەرێوەبردنی پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشت دەبەستێت بەیاسای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان ژمـارەی (١)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هـەموارکراو، هـەروەها یاسـای کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ژمارەی (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)، هەر یاسایەکی دیکەی پەیوەندیدار.

چـوارەم: پەرلـەمانی کوردسـتان لایەنـە پەیوەندیـدارەکان سەرپشـك دەکـات بـۆ گرتنەبـەری هـەر رێکـارو بریارێـك بـۆ دەسـتەبەری مـاف چـارەنووس و تـەواوی مافـەکانی گـەلی کوردسـتان، بـەجۆرێك لەپرسـە چارەنووسسـازەکاندا بگەڕێنـەوە بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان، کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و راپرسیش رادەسپێرێت بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەم لایەنانە.

پێنجەم و کۆتایی: ئەو راسپاردانەی لەخاڵەکانی سەرەوەدا هـاتوون، تایبـەتن بەڕیفرانـدۆمی راگەیانـدراو لـە ٢٠١٧/٠٩/٢٥.

### پەیرەوی نوێی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان :

ئەم پەیرەوە رۆژی (٢٠١٨/٠٧/١٧) پەسەند کـرا. هەرچـەندە لـە سـاتی پەسـەندکردنیدا بڕیـاردرا لـە خـولی چوارەمدا پەیرەوەکە جێبەجێ بکرێت، بەلام تا ئێستاشـی لەگەلـدابێت لـە خـولی پێنجەمیشـدا زۆرینـەی برگـەو مادەکانی جێبەجێ نەکراوە.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**ئاستی جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان**

| ژ | بابەت | جێبەجێکراوە | پێشێلکراوە | نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسا | ٧ | ٩ | ١٧ | ٣٣ |
| ٢ | بڕیار | ٢ | ٠ | ٦ | ٨ |
| ٣ | پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان | ٠ | ١ | ٠ | ١ |
| **سەرجەم** | | **٩** | **١٠** | **٢٣** | **٤٢** |

**خشتەی ژمارە (١١)**

**جۆری ئەو یاسایانەی لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکران**

| ژ | بابەت | ژمارەی یاسا |
|---|---|---|
| ١ | یاسای نوێ | ١٥ |
| ٢ | هەمواری یاسا | ١٢ |
| ٣ | یاسای درێژکراوە | ٤ |
| | یاسای عیراقی بەرکار | ٢ |
| **سەرجەم** | | **٣٣** |

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**یاسای پەسەندکراو و ڕەتکراوە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان**

| ژ | بابەت | ژمارەی یاسا |
|---|---|---|
| ١ | یاسای پەسەندکراو | ٣١ |
| ٢ | یاسای ڕەتکراوە | ٢ |
| ٣ | پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان | ٠ |
| **سەرجەم** | | **٣٣** |

*–لەماوەی پێنج ساڵدا، تەنها (٣٢) یاسا و (٨) بڕیاری دەرکرد، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٢١٣) پرۆژە یاسا کرابوو. زۆرینەی ئەو یاسایانەی پەسەندیش کران نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە، یاخود پێشێلکراون، بەبێ ئەوەی پەرلەمان هیچ قسەیەکی هەبووبێت.

*– ئەو یاسایانەی لەو ماوەیەدا دەرچوون زۆرینەیان یا ناڕەزاییان لەسەر بووە و دەرەنجامی خراپیان لێکەوتۆتەوە، بۆنموونە: یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، یاسای لێبووردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان،

یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، یاسای ڕێگریکردن لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زارو مولکی دەولەت، یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، هەموارکردنی سێیەمی یاسای پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە.

*–ئەو بڕیارانەی دەرکراون نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە یاخود پێشێلکراون، بەبێ ئەوەی پەرلەمان هیچ قسەیەکی هەبووبێت.

*– لە خولی چوارەمی پەرلەماندا کۆمەڵێك یاسای عیراقی بەرکار کران. ئەمەش نەنگی بوو بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە پێویست بوو یاسای خۆی هەبێت نەك یاساکانی عیراق بەرکار بکات.

*– دەرکردنی پەیرەوی تازە کارێکی باش بوو، سەرباری ئەو تێبینیانەش کە لەسەریەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی پەسەندکردنیدا پەرلەمان رایگەیاند کە لەگەڵ دەرچوونیدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەچی خول تەواو بوو تەنها (جێگر و سکرتێر) ناونیشانەکانیان گۆڕا بۆ (جێگری یەکەم و دووەم) هیچ بڕگەیەکی تری جێبەجێنەکرا، ئەمە لە کاتێکدا ئەم گۆرانکارییە پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنە و لەوێ جێگر و سکرتێر هەیە نەك جێگری یەکەم و دووەم، نە لیژنەکانی ناویان هاتبوو هەڵوەشانەوەو لێکدران، نە پەیکەری بەڕێوەبردنی پەرلەمان دەستنیشانکراو...هتد.

*–بەپێی بەدواداچوونی ئێمەو ئەو خشتەیەی لە سەرەوەدا هاتووە، لە کۆی (٣٢) یاسا تەنها (٧)ی جێبەجێکراوە، (٩)ی پێشێلکراوەو (١٦) یاسا هەر نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە کۆی (٨) بڕیاریش تەنها (٢) جێبەجێکراوەو (٦)بڕیاریش جێبەجێ نەکراون. سەبارەت بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانیش کە ساڵی ٢٠١٨ دەرچووە زۆرینەی مادەکانی یا پێشێلکراون یا نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەپێی ئەمەش هەرچەندە دەمێکە ئەدای چاودێریکردنی پەرلەمان بۆ دەسەلاتی جێبەجێکردن لاواز بووە، بەلام ئەوەی جێگەی مەترسیە یاسادانانیش بەرەو لاوازی دەچێت، بێسەروبەرەیەکی زۆر بە یاساکانەوە دیارە.

## بودجه له په‌رله‌ماندا

### یه‌كه‌م: پرۆژه یاسای بودجه:

یه‌كێك له كاره سه‌ره‌كییه‌كانی په‌رله‌مان په‌سندكردنی پرۆژه یاسای بودجه‌ی ساڵانه‌یه. به‌پێی یاساو په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مان ده‌بی هه‌موو ساڵێك له سه‌ره‌تای مانگی تشرینی یه‌كه‌مدا ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێمی كوردستان بودجه‌ی خه‌ملێنراو ره‌وانه‌ی په‌رله‌مانی كوردستان بكات،[٤٠] چونكه بودجه له رۆژی ١٢/٣١/ هه‌موو ساڵێك كۆتایی دێت و پێویسته له ١/١/ ساڵی تازه‌وه كار به بودجه‌ی په‌سندكراو بۆ ساڵی تازه بكرێت. به‌ڵام له‌ماوه‌ی پێنج ساڵی خولی چواره‌می په‌رله‌ماندا ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران بودجه‌ی هیچكام له ساڵه‌كانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨)ی ره‌وانه‌ی په‌رله‌مان نه‌كرد و په‌رله‌مانیش هیچ نوسراوێكی ئاراسته‌ی حكومه‌ت نه‌كرد كه لێپێچینه‌وه‌ی لێبكات به‌رامبه‌ر ئه‌و پێشێلكارییه، هه‌ر بۆیه له‌ته‌مه‌نی ئه‌م خوله‌دا بودجه له‌په‌رله‌مان په‌سه‌ند نه‌كرا.

### دووه‌م: ژمێره‌ی كۆتایی:

به‌پێی په‌یره‌وی ناوخۆ[٤١] ده‌بێت ژمێره‌ی كۆتایی (الحساب الختامی) ساڵی دارایی پێشتر بچێته په‌رله‌مان، بۆ زانینی چۆنیه‌تی سه‌رفكردنی بودجه‌و بواره‌كانی سه‌رفكردن هه‌تا په‌رله‌مان و خه‌ڵكی كوردستان ئاگایان لێ بێت له بودجه كه هی خه‌ڵكی كوردستانه‌و له‌پێناو چه‌سپاندنی پره‌نسیپه‌كانی شه‌فافیه‌ت له سه‌رفكردنی بودجه‌دا.

جگه له‌وه‌ی بودجه له په‌رله‌مان په‌سه‌ند نه‌كرا، ئه‌و بودجه‌یه‌ی هه‌شبووه حكومه‌ت به‌ئاره‌زووی خۆی دابه‌شی كردووه، به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچ چاودێرییه‌كی به‌سه‌ره‌وه بێت، هه‌ر بۆیه‌ش (حیساباتی كۆتایی) هیچ كام له ساڵه‌كانی (٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨) نه‌نێردرایه په‌رله‌مان و كه‌س نه‌یزانی ئه‌و بودجه‌یه چۆن دابه‌ش و خه‌رج كراو په‌رله‌مان هیچ رۆڵێكی نه‌بووه.

---

(٤٠) – له برگه‌ی یه‌كه‌می ماده‌ی (٧٩)ی په‌یره‌وی ناوخۆی په‌رله‌ماندا هاتووه: یه‌كه‌م: له‌سه‌ره‌تای مانگی تشرینی یه‌كه‌م به‌ر له ساڵی دارایی بودجه ده‌گاته په‌رله‌مان.

(٤١) – له برگه‌ی دووه‌می ماده‌ی (٧٩)ی په‌یره‌وی ناوخۆی په‌رله‌ماندا هاتووه: دووه‌م:پرۆژه یاساكانی بودجه‌ی گشتی و ژمێره‌ی كۆتایی هه‌ر ساڵێك هه‌ر به‌گه‌یشتنی ره‌وانه‌ی لیژنه‌ی دارایی و كاروباری ئابوری ده‌كرێت بۆ وردبینی و گفتوگۆكردن له‌سه‌ری.

## پەرلەمان و چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن

یەکێك لە ئەرکە بنچینەییەکانی پەرلەمان، چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردنە، لە ماوەی پێنج ساڵی تەمەنیدا، خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان سەربارى ئەو هەموو قەیران و گرفتانەی هەبوون، سەربارى ئەو هەموو پێشێلکارییە یاساییەی لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە کران، بەڵام پەرلەمان لەپرۆسەی چاودێری کردنی حکومەتدا هیچ چالاکییەکی نەبوو و نەیتوانی بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت. جگە لە چەند کۆبوونەوەیەك نەبێت کە حکومەت و پەرلەمان کردوویانە، کۆبوونەوەکانیش لەو چوارچێوەیەدابوون کە حکومەت ویستویەتی ئەجێندای خۆی لەڕێگەی پەرلەمانەوە جێبەجێ بکات، نەك پەرلەمان چاودێریی حکومەت بکات و لێی بپێچێتەوە. لەو هەموو پێشێلکارییە یاساییەی حکومەت کردوویەتی، هەر لە پاشەکەوتی موچەو کەمکردنەوەی بۆ چارەك، و هەندێمانگ دابەشنەکردنی ئەو چارەکە موچەیەش لە کاتی خۆی، کە موچەی چین و توێژ هەبوو بە سێ مانگیش نەدەدرا، فرۆشتنی نەوت و ناڕوونی داهاتەکان، یاریکردن بە کاتی هەڵبژاردنەکان و بوونی گەندەڵی لە زۆرینەی سێکتەرەکان و خراپی خزمەتگوزاریی پەروەردەو تەندروستی و خوێندنی باڵاو ڕێگەوبانەکان و کەمی سوتەمەنی و کارەباو ئاو و زیادکردنی نایاسایی باجەکان و دەیان بابەتی تر، سەربارى ئەوەی چەند ئەندامێك جاروبار یاداشتیان بۆ بانگهێشتکردنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەندێك لە وەزیرەکان پێشکەشکرد، بەڵام پەرلەمان نە گوێی لە ئەندامەکانی گرتوو و نە توانیویەتی لە هیچ بەرپرسێکی حکومیش بپێچێتەوە.

پەرلەمان نەیتوانی لێپێچینەوە لە هیچکام لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یا جێگرەکەی یا لەگەڵ هیچ وەزیرێکدا بکات و بانگهێشتیان بکات بۆ پەرلەمان. هەرچەندە لەلایەن هەندێك پەرلەمانتارەوە هەوڵی بانگهێشتی هەندێك لە وەزیرەکان درا، لەوانە وەزیرەکانی (سامانە سروشتیەکان، دارایی، شارەوانی، شەهیدان، خوێندنی باڵا)، (ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێم) کە پێکهاتبوو لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشتیەکان، وەزیری پلاندانان) و (کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی)، بەڵام نە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێکاری بانگهێشتەکانی گرتەبەر و نە وەزیرەکانیش لە پەرلەمان ئامادە بوون.[٤٢] نەك هەر ئەمە بەڵکو پەرلەمان دەستەمۆی

(٤٢)– ئەو پەرلەمانتارانەی لەچەند یاداشت و داواکارییەکی جیاجیادا داوای بانگهێشت و لێپێچینەوەیان لەو وەزیر و دامەزراوانە کردبوو، بریتیبوون لە هەریەك لە (سۆران عومەر)، (شێرکۆ جەودەت)، (گەشە دارا حەفید)، (گۆران ئازاد) و (عەلی حەمە سالح) و چەند پەرلەمانتارێکی تر کە یاداشتی هاوبەشیان نوسی بوو و واژۆیان کردبوو، بەلام هیچ کام لە وەزیر و بەرپرسەکان ئامادە نەبوون و بەدەم داواکەوە نەچوون، نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەو پەرلەمانتارانەی ئەم داوایانەیان کردبوو هەندێکیان ڕووبەڕووی هەڕەشەو هەندێکیشیان ڕووبەڕووی سوکایەتی پێکردن بوونەوە.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن ببوو و حکومەت چەند هەڵسوکەوتێکی نایاسایی و ناپەیرەوی بەرامبەر پەرلەمان نواند.[٤٣]

ئەوەی پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە تەنها ئامادەبوونی هەندێك لە وەزیرەکان بوو وەك میوانداری لە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەل ئەندامان، وەك (وەزیری سامانە سروشتیەکان)،[٤٤] (وەزیری پەروەردە)،[٤٥] (وەزیری پێشمەرگە)،[٤٦] (وەزیری کاروباری پەرلەمان)،[٤٧] (وەزیری تەندروستی)، (وەزیری دارایی)، (وەزیری کشتوکاڵ).

(٤٣)- بۆ نمونە چەندین جار پەرلەمان داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە وەزیر ئامادەبێت لە هۆلی پەرلەمان، بەلام ئەنجومەنی وەزیران بە نەرێنی وەلامی داواکەی پەرلەمانی داوەتەوە.

(٤٤)- وەزیری سامانە سروشتیەکان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی مادەی (٥٤/خاڵی دووەم/برگەی ٢)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان (هەر دە ئەندامێك بۆیان هەیە داوا بکەن گفتوگۆی بابەتێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی پەرلەمانەوە بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند). ناوبراو لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤)ی پەرلەمان لە رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ لە پەرلەمان ئامادە بوو.

(٤٥)- لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) لە ٢٠١٤/١٠/٢١ وەزیری پەروەردە ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بوو، ئامادە بوونی وەزیری پەروەردە لەم دانیشتنەدا لەسەر داوای خۆی بوو.

(٤٦)- لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧) لە ٢٠١٤/١٠/٢٢ وەزیری پێشمەرگە لەکاتی پەسەندکردنی بڕیاری تایبەت بە ناردنی هێز بۆ کۆبانی ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بوو.

(٤٧)- وەزیری کاروباری پەرلەمان تەنها سێ جار ئامادە بووە: جارێك لەکاتی پەسەندکردنی بڕیاری پاڵپشتی لە گەلی رۆژئاوا (١٠/١٤)، جارێك لەگەل وەزیری پەروەردە (١٠/٢١) و جارەکەی تریش لەگەل وەزیری پێشمەرگە (١٠/٢٢). ئەمە لەکاتێکدا وەزیری ناوبراو شوێنی کار و ئۆفیسەکەی لەناو تەلاری پەرلەماندایە.

# دانیشتنەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

## خشتەی ژمارە (١٣)

| ژ | ژمارەو مێژووی دانیشتنی پەرلەمان |
|---|---|
| ١ | دانیشتنی رۆژی ٢٠١٣/١١/٦ کردنەوەی خول و سوێند خواردنی ئەندامان |
| ٢ | دانیشتنی رۆژی ٢٠١٤/٤/٢٩ هەلبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی لە رۆژی (٢٠١٤/٥/٤) |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ |
| ٥ | لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/١٣ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ٢٠١٤/١٠/١٤دا |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٨ |
| ١٠ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٦/١٥ |
| ١١ | دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی رۆژی (٢٠١٤/٦/١٦) |
| ١٢ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٦/١٨ |
| ١٣ | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٦/٢٩ |
| ١٤ | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٦/٣٠ |
| ١٥ | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٧/١ |
| ١٦ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی لە رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ |
| ١٧ | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی رۆژی (٢٠١٤/٧/٩) |
| ١٨ | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٧/١٧ |
| ١٩ | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٧/٢٢ |
| ٢٠ | دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٧/٢٣ |
| ٢١ | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٧/٢٤ |
| ٢٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/٨/٢٥ |
| ٢٤ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٣ |
| ٢٥ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ |
| ٢٦ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٣٠ |
| ٢٧ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/١٤ |
| ٢٨ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/١٥ |
| ٢٩ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢١ |
| ٣٠ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٣١ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٨ |
| ٣٢ | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٩ |
| ٣٣ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/١٠ |

| | |
|---|---|
| ٣٤ | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ |
| ٣٥ | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥ |
| ٣٦ | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦ |
| ٣٧ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ |
| ٣٨ | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ |
| ٣٩ | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ |
| ٤٠ | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ |
| ٤١ | دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣ |
| ٤٢ | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ |
| ٤٣ | دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٩ |
| ٤٤ | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ |
| ٤٥ | دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/١/٢٧ |
| ٤٦ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/٢/٥ |
| ٤٧ | دانیشتنی ژمارە (١)ی دەستپێك رۆژی ٢٠١٥/٣/٣ |
| ٤٨ | دانیشتنی ژمارە (٢) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٩ |
| ٤٩ | دانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/١٠ |
| ٥٠ | دانیشتنی ژمارە (٤) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٢٥ |
| ٥١ | دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٣١ |
| ٥٢ | دانیشتنی ژمارە (٦) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/١ |
| ٥٣ | دانیشتنی ژمارە (٧) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٧ |
| ٥٤ | دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/١٣ |
| ٥٥ | دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ |
| ٥٦ | دانیشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢٩ |
| ٥٧ | دانیشتنی ژمارە (١١) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٠ |
| ٥٨ | دانیشتنی ژمارە (١٢) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٦ |
| ٥٩ | دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢ |
| ٦٠ | دانیشتنی ژمارە (١٤) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٩ |
| ٦١ | دانیشتنی ژمارە (١٥) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/١٦ |
| ٦٢ | دانیشتنی ژمارە (١٦) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/١٧ |
| ٦٣ | دانیشتنی ژمارە (١٧) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٣ |
| ٦٤ | دانیشتنی ژمارە (١٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٩ |
| ٦٥ | دانیشتنی ژمارە (١٩) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٣٠ |
| ٦٦ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/٨/١٩ |
| ٦٧ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢ |
| ٦٨ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/١٦ |
| ٦٩ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢٠ |
| ٧٠ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢١ |
| ٧١ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٦ |
| ٧٢ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٧ |

| | |
|---|---|
| ٧٣ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ١٢/١٠/٢٠١٥ |
| ٧٤ | دانیشتنی نائاسایی رۆژی١٥/٩/٢٠١٧ |
| ٧٥ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٣/٩/٢٠١٧ |
| ٧٦ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٣٠/٩/٢٠١٧ |
| ٧٧ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٤/١٠/٢٠١٧ |
| ٧٨ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٩/١٠/٢٠١٧ |
| ٧٩ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ١٥/١١/٢٠١٧ |
| ٨٠ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٦/١٢/٢٠١٧ |
| ٨١ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ١٣/١٢/٢٠١٧ |
| ٨٢ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ١٧/١٢/٢٠١٧ |
| ٨٣ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ١٠/١/٢٠٨ |
| ٨٤ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٣٠/١/٢٠٨ |
| ٨٥ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٣١/١/٢٠١٨ |
| ٨٦ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٦/٢/٢٠١٨ |
| ٨٧ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی رۆژی ١٢/٢/٢٠١٨ |
| ٨٨ | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی رۆژی ١٣/٢/٢٠١٨ |
| ٨٩ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی ٢١/٢/٢٠١٨ |
| ٩٠ | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٦/٢/٢٠١٨ |
| ٩١ | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٧/٢/٢٠١٨ |
| ٩٢ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٥/٣/٢٠١٨ |
| ٩٣ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٦/٣/٢٠١٨ |
| ٩٤ | دانیشتنی دەستپێك ئاسایی رۆژی ٧/٥/٢٠١٨ |
| ٩٥ | دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢١/٥/٢٠١٨ |
| ٩٦ | دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ١٢/٦/٢٠١٨ |
| ٩٧ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ١/٧/٢٠١٨ |
| ٩٨ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢/٧/٢٠١٨ |
| ٩٩ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٩/٧/٢٠١٨ |
| ١٠٠ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ١٠/٧/٢٠١٨ |
| ١٠١ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ١١/٧/٢٠١٨ |
| ١٠٢ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ١٥/٧/٢٠١٨ |
| ١٠٣ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی رۆژی ١٧/٧/٢٠١٨ |
| ١٠٤ | دانیشتنی کۆتایی خولی گرێدان رۆژی ٣١/١٠/٢٠١٨ |

*– ژمارەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە بەراورد بەو پێنج ساڵەی تەمەنی کەم بوو. بەپێی بەرنامەی کاری فەرمیی پەرلەمان (١٠٤) دانیشتنی ئەنجامداوە ، ئەمەش لەگەل پەیرەو و کاری پەرلەمانی و ئەو هەموو گرفت و قەیرانانەی هەبوون ناگونجێت.

## پەك كەوتنی پەرلەمان و ڕێگری لە سەرۆكەكەی

لەخولی چوارەمدا پەرلەمانی كوردستان پـەكی خـرا، دەكرێـت پەكخسـتنەكەی بەسـەر دوو قۆناغـدا دابـەش بكەین:

**یەكەم: قۆناغی بەر لە ڕێگری لە سەرۆكی پەرلەمان:**

لەم قۆناغەشدا بە دوو شێواز و لە دوو قۆناغی جیاوازدا پەرلەمان پەكی خرا:

١–كاتێك لە ٢٠١٥/٨/١٩ پەرلەمانی كوردستان لە پرسی هـەمواری یاسـای سـەرۆكایەتی هەرێمـدا نـەیتوانی ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامان كۆبكاتـەوەو كۆبوونەوەكـەی ئەنجامبـدات، لەهـەمان كـات و ڕۆژدا ویلایـەتی بـەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێم كۆتایی دەهات، بەمەش لەم مێژووەوە هەرێمی كوردستان كەوتـە بۆشـاییەكی یاسـاییەوە، سـەرۆكی هـەرێم مـاوەی یاسـایی كۆتـایی هـات و پەرلـەمان لـەكار كـەوت، چـونكە كاتێـك یاسـای دەردەكرد كەسێك نەبوو لەڕووی یاساییەوە ئیمزای لەسەر بكات، هەر ئەمەش بـوو كـە دوای ئـەوەی پەرلـەمان پشووی تەشریعی تەواو بوو، لە بری ئەوەی خـەریكی پەسـەندكردنی یاسـاكان بێـت، خـۆی بـە پەسـەندكردنی پـەیڕەوی نـاخۆوە سـەرقاڵ كـرد، هۆكارەكەیشـی ئـەوە بـوو چـونكە پـەیرەوی نـاوخۆی پەرلـەمان دوای پەسەندكردنی پێویستی بە ئیمزای سەرۆكی هەرێم نەبوو!

هەر لەبەر ئەوەش لەو سەردەمەدا كە خۆپیشاندانەكانی خەڵكی كوردسـتان پـەرەی سـەندبوو، قەیرانـەكان لە لوتكەدابوون و گوزەرانی خەڵكی سەخت ببو و موچەو دەرماڵەكان بڕابوون، پەرلەمان نـەیتوانی لێپێچـینەوە لە هیچ وەزیرێك بكات و بانگهێشتیان بكاتە پەرلەمانەوە.

كەواتە بەر لەوەی ڕێگری لە سەرۆكی پەرلـەمان بكرێـت لـە ١٠/١٢ و لـە ڕووی سیاسـیەوە پـەكی پەرلـەمان بخرێت، پێشتر پەرلەمان لەڕووی یاساییەوە پەكی كەوتبوو، هەر بۆیەش لەو ماوەیـەدا (٨/١٩ تـا ٢٠١٥/١٠/١٢) پەرلەمانی كوردستان گفتوگۆی سەبارەت بە هیچ یاسایەك بە گشـتی و یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێم بەتایبـەتی نەكرد.

٢– بـەهۆی بارگرژییـە سیاسـیەكانەوە كـە لەهەرێمـدا هـاتبووە كایـەوە و كۆبوونـەوە پێـنج قۆڵیـەكان بـە بنبەست گەیشتبوون، ئەوە بوو لە ٢٠١٥/١٠/١٢ لەكاتی گەڕانەوەیدا بۆ پەرلـەمان، لەلایـەن پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتانەوە لـە بازگـەی پـردێ ڕێگـری لـە سـەرۆكی پەرلـەمان كـرا. بـەم ڕێگرییـەش پەرلـەمان لـەڕووی سیاسیشەوە پەكی خراو كۆبوونەوە شكلیەكانی دەشی كرد وەستێنران.

ئەو ڕێگریكردنە لە سـەرۆكی پەرلـەمان دوای ئـەوە هـات كـە بـە پێـی بەیاننامەیـەكی بزووتنـەوەی گـۆڕان، مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ڕۆژی یەكشەممە ١١–١٠–٢٠١٥ بڕیاریداوە بـەوەی كـە تیمـی وەزاری و پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕان بە سـەرۆكی پەرلەمانیشـەوە لـە حكومـەت و پەرلـەمان نـەماون و

دەبێ هەولێر جێبهێڵن. ئەمەش کارێکی نایاسایی بو ئەنجامدرا، چونکە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە دووەم پۆستی سیادی وڵاتە دوای سەرۆکی هەرێم، بەلام رێگەی پێنەدرێت بچێتە نێو پایتەخت. [٤٨]

هەمان رۆژ سەرۆکی پەرلەمان دووای گەڕانەوەی، لە نوسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی بەئامادەبوونی نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیی بەست و رایگەیاند: رێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتاران بۆ چوونە ناو شاری هەولێر جۆرێکە لە کودەتاکردن. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوەی روویدا گۆڕانکارییەکی خراپە لەپرۆسەی سیاسیداو کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبات، چونکە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی لە خەڵکەوە وەرگرتووە تەنها خەڵکیش دەتوانێت شەرعیەتی لێوەرگرێتەوە، کوردستان شوێنی کارکردنی ئێمەیە بۆیە لە هەرشوێنێك بێت بەردەوامدەبین لە کارکردن.

هەر لەم بارەیەوە (فەخرەدین قادر) سکرتێری پەرلەمان رونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوەو ئیدانەی ئەم هەڵوێستەی کرد کە بەرامبەر سەرۆکی پەرلەمان کراوە.

هەمان رۆژ هەشت فراکسیۆنی پەرلەمان (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بەرەی تورکمانی، ئەبنا نەهرەین و فراکسیۆنی ئازادی) ئیدانەی رێگریی لە سەرۆکی پەرلەمانیان کردو بۆ ئەم مەبەستە بەیاننامەیەکیان بلاو کردەوە.

لەبەرامبەردا وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی(محەممەد عەلی یاسین) رایگەیاند: زۆر هەوڵمان دا دۆخەکە نەگاتە ئەو ئاستە، بەڵام گۆڕان ناچاری کردین ئەو بریارە بدەین، بۆیە لەمەودوا (یوسف محەممەد) سەرۆکی پەرلەمان نییە و، کەسێکی دیکە دەکرێتە سەرۆکی پەرلەمان.

لیستەکانی (حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، ئاراستەی سێیەم، رافیدەین، گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری، پێشکەوتنی تورکمان، هەولێری تورکمان، گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان، ئەرمەن) هیچ قسەیەکیان لەم بارەیەوە نەکرد و هیچ هەلوێستێکیان بە فەرمی دەرنەبڕی. ئەم رووداوە لە راگەیاندنە جیهانیەکاندا رەنگدانەوەی خراپی هەبوو گرنگییان پێی دابوو. لەئەنجامی ئەم رووداوەی لە رۆژی (٢٠١٥/١٠/١٢) رویداو رێگرییەکانی دواتریش کران، پێشێلکاری یاسایی تەواو بەرامبەر بە پەرلەمان کراو بەتەواوی پەکی کارەکانی خرا، کە خۆی لە پێشێلکردنی برگەو ماددەکانی ئەم بریارو یاسایانەدا دەبینێتەوە:

(٤٨) — لەمبارەیەوە ئاری هەرسین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی، هۆکاری رێگریکردنی لە سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەمنیەتی ژیانی خۆی گەڕاندەوە و رایگەیاند: " رێگری کردن لە هاتنی یوسف محەممەد بۆ هەولێر بۆ ئەوەیە کە ئەمنیەتی بپارێزرێت، لە چەند رۆژی رابردوو ئەوەی بە هەڤاڵانی ئێمە لە سنووری پارێزگای سلێمانی کراوە بووەتە هۆی ئەوەی کەس و کاریان لێرە تووڕەن و داخ لەدڵن، گومانم هەیە لەوەی کە کەسانێك هەن بیانەوێ تۆڵەی شەخسی بکەنەوە چونکە ئەو بە بەرپرسیارێکی گرنگ دەزانن لەو رووداوانە".

یەکەم: پێشێلکردنی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: پێشێلکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان–عیراق.

سێیەم: پێشێلکردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

کەواتە بەپێی ئەم لێکدانەوانە دەتوانین بڵێین پەرلەمانی کوردستان راستە لە ٢٠١٥/١٠/١٢ لە رووی سیاسیەوە پەکی خرا، بەلام لەراستیدا پێشتر و لە ٢٠١٥/٨/١٩ لە رووی یاساییەوە پەکی کەوتبوو.

## دووەم: قۆناغی کاراکردنەوەی پەرلەمان:

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٧/٩/١٥ دەستی بە دانیشتنەکانی کردەوە، بارودۆخێك هاتە کایەوە کە پەیرەوی تیادا پێشێلکراو دانیشتنەکان نایاسایی بەڕێوە دەچوون، لەبەر چەند هۆکارێك:

١–بەپێی پەیرەو کاتێك کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت پێویستە لەلایەن سەرۆکەوە بانگهێشتی ئەندامان بکرێت و بەرنامەی کار واژۆ بکرێت و رابگەیەنرێت، بەلام سەرۆکی پەرلەمان رێگری لێکرابوو بگەڕێتەوە پەرلەمان، واتە ئامادەنەبوونەکەی بەخواستی خۆی نەبوو و لەژێر ئیکراهدا بوو لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیدا بوو، ئەمەش پێشێلی پەیرەو و کارێکی نایاسایی بوو، هەر بۆیەش کۆبوونەوەکان لەلایەن جێگرەوە بەڕێوەدەبران.

٢–لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانیشدا لە (٢٠١٧/١٢/٢٦) سەرۆکی پەرلەمان بە خواستی خۆی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە پەرلەمان کرد، بەلام دیسانەوە پێشێلی یاساو پەیرەو کراو نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی نەخرایە بەرنامەی کارەوەو پەسەند نەکراو تا خولی پەرلەمان کۆتایی هات پەرلەمان هەر بێ سەرۆك بوو.

بەپێی دەقی هاتوو لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا کە لە برگەی (٢)ی مادەی (١٦)دا هاتووەکە: "لەکاتی بەتاڵبوونی پێگەی سەرۆکی پەرلەمان یان جێگرەکەی یان سکرتێر لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوا پەرلەمان لەیەکەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵبوونەکە وە بەهەمان رێگەی دەقکراو لەم پەیڕەوەدا جێگرەوەیەکیان بۆ هەڵدەبژێردرێت." ، سەیر ئەوە بوو پەرلەمانی کوردستان نە دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمانی پەسەند کرد و نە رێگەی پێدرا بگەڕێتەوەو نە ئەو دەقەش هەڵوەشێنرایەوە! کەواتە ئەوەی بەڕێوە دەچوو ناشەرعی بوو، کەواتە ئەو یاسایانەی لەو کاتەدا دەرچوون بەپێی فیقهی قانونی و رێساکان (**باطل**) بوون، چونکە بەپێی ئەو قاعیدە قانوونیەی هەیە کە دەڵێت: (**المبني على الباطل باطل**)، واتە ئەوەی لەسەر پوچی بنیات بنرێت پوچە!

ئەمەش پرسیارێك دێنێتە کایەوە ئاخۆ حکومەت دەتوانێت مولزەم بێت بەو یاسایانەوە؟ ئەمە کاری ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی شورابوو و لە ئێستاشدا کاری ئەوانە کە رای خۆیانی لەسەر بدەن و

یەکالای بکەنەوە ! چونکە ئەوە دانیشتنێکی پەرلەمان نیە کە بەنایاسایی بەڕێوە چووبێت، بەڵکو هەموو پەرلەمان بوو بە نایاسایی بەڕێوە دەچوو!

ئەمانە هەمووی جەدەلێك دێننە کایەوە کە ئایا دوای ئەوەی لە (٢٠١٧/٩/١٥) پەرلەمان دەستی بە کۆبوونەوەکانی کردەوە لە (٢٠١٧/٩/٣٠) دا (فەخرەدین قادر)ی سکرتێری پەرلەمان لادراو (بێگەرد تاڵەبانی) شوێنی گرتەوە و (جەعفەر ئیمنیکی) وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوەکانی بەڕێوە دەبرد، ئایا ئەو یاسایانەی لەو سەردەمەدا دەرکراون بنەمای یاساییان هەیە؟

# پەرلەمان و ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوور

پەرلەمان دەبوایە لەسەرەتای خولی چوارەمەوە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام بەهۆی ململانێی سیاسیی فراکسیۆنەکانەوە دواکەوت، تا لە مانگی (١١)ی ساڵی ٢٠١٤ خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکە کرا.

پاڵپشت بە مادده (٢) لە یاسایی ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان، کە تیایدا هاتووە: "پرۆژەی دەستوری هەرێم هەموار دەکرێتەوە بە سازان لە ماوەی دووساڵ ٢٠١٣ – ٢٠١٥"، دواتر بەروونی لەپەیامی سەرۆکی هەرێم لە (٢٠١٣/٧/٢٧) جەختکراوەتەوە لەسەر ئەم خاڵە. بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەگشتی و دەستەی سەرۆکایەتی بەتایبەتی، لەم پرسە سەرکەوتوو نەبوون. پاڵپشت بەم خاڵانە:

١. لە ٢٠١٤/٧/٢٥ (جەختکراوەتەوە) فراکسیۆنی یەکێتی داوای کردووە سەرۆکایەتی کار لەسەر ئەم پرسە بکات، دەستەی سەرۆکایەتی بەڵێنیان دا لە مانگی ئابی(٢٠١٤) کاری لەسەر بکەن، بەڵام نەکرا.

٢. لە ٢٠١٤/٩/١١ بەواژوی پەرلەمانتاران پرۆژەیەك بۆ درووستکردنی لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستوور پێشکەش کرا، بەڵام لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرا.

٣. لە مانگی ٢٠١٤/١١ پرۆژە یاسایەك کە بە سازان نووسرا بوو لەلایەن (٦١) پەرلەمانتار واژوکرا بوو کە خودی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و (سەرۆکی فراکسیۆنەکان) واژوویان کردبوو، بەڵام دواتر ئەم پرۆژەیەش ئەنجامی تەواوی نەبوو .

٤. دوای بێ هیوا بوونی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر ئەم پرۆژەیە سەردانی هەموو حیزبەکانی کرد، دوای رەزامەندی حزبەکان ئینجا لە (٢٠١٥/٥/١) راپۆرتی لیژنەی یاسایی واژوو کرا و پێشکەش کرا و پەسەندکرا، ئەمەش وایکرد لیژنەکە لە (٢٠١٥/٥/٢٠) یەکەم کۆبوونەوەی بکات، سێ مانگ کاتی هەبێت واتە تا ٢٠١٥/٨/٢٠ کە دەکاتە رۆژی تەواو بوونی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم، ئەمەش روونە کە نەیتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

٥. بەهۆی رێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر سیستەمی سیاسیی و کەمی کاتی دیاریکراوی لیژنەکە، لەماوەی دیاریکراودا لیژنەکە کارەکانی پێ تەواو نەکرا، و ماوەی کارکردنی لیژنەکەش درێژ نەکرایەوە.

٦. بەپێی برگەی دوو لە مادە (٣)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی دەستوری کوردستان ئەرکی پەرلەمانە، دەبوو دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٧ یەکەم کاری پەرلەمان کاراکردنەوەی لیژنەی دەستوور بێت و ماوەی لیژنەکە درێژ بکاتەوە، چونکە یاساکە بەرکارە، بەلام خولی چوارەمی پەرلەمان لەو ئەرکەیدا سەرکەوتوو نەبوو و نەیتوانی بیکات.

ئەرکی پەرلەمانی کوردستان بوو کاری بە پەلەو جدی بکات بۆ تەواوکردن و ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ، کە بەپێی مادەی (١٢٠ ) لە دەستوری عێراق، مافی هەرێمی کوردستانە دەستوری هەبێت، کەچی دوای ١٤ ساڵ لەو مافە دەستوریە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت هەرێم نەبوو بە خاوەن دەستور.

# ئەو پەرلەمانتارانەی خولی چوارەمیان تەواو نەکرد و هۆکارەکانیان

لە خولی چوارەمی پەرلەماندا چەند پەرلەمانتارێك نەیانتوانی خولەکە تەواو بکەن، یا تەواویان نەکرد، هەروەك لەم خشتەیەدا هۆکاری وازهێنانەکانیان خراوەتە روو:

**خشتەی ژمارە ( ١٤ )**

| ژ | پەرلەمانتاری دەست لەکارکێشاوە | مێژووی وازهێنان یان دابڕان | هۆکاری وازهێنان یان دابڕان | ئەو پەرلەمانتارەی شوێنی گرتەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نوری حەمەعەلی | ٢٠١٤/٦/١٥ | لەبەر ئەوەی هیچ پۆستێکی لەپەرلەمان نەبوو | شامۆ شێخۆ نەعمۆ |
| ٢ | ئەرسەلان بایز ئیسماعیل | ٢٠١٤/٥/٢٥ | لەبەر ئەوەی نەکرایە سەرۆکی پەرلەمان | سەرکەوت سەرحەد |
| ٣ | دەرباز عبداللە رەسول | ٢٠١٤/٦/٢٩ | کرا بە وەزیر | عەباس فەتاح |
| ٤ | مولود مراد محی الدین | ٢٠١٤/٦/٢٩ | کرا بە وەزیر | بەهزاد دەروێش دەروێش |
| ٥ | فەرهاد حەمە سالّح سەنگاوی | ٢٠١٧/٩/٣٠ | بە نایاسایی لە پەرلەمان دەرکرا لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی | گۆران مەحمود ئیسماعیل |
| ٦ | فخرالدین قادر عارف | ٢٠١٧/٩/٣٠ | بەهۆی لادانی لە سکرتێری پەرلەمانەوە | ئەیوب عەبدولّا ئیسماعیل |
| ٧ | بەیار تاهیر سەعید | ٢٠١٧/٩/٢٣ | بڕیار بوو بکرێت بە ئەندامی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق | عەلی عوسمان عەلی |
| ٨ | گۆران ئازاد محمد | ٢٠١٧/١٠/٢٩ | بەهۆی دەست بردنی بۆ ژمارەیەك دۆسیەی گەندەڵی هەرەشەی کوشتنی لێکراوە | مستەفا ئەحمەد حەمەد |
| ٩ | شوان قەلادزەیی | ٢٠١٧/١٠/١٧ | بەرووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد | ئاری عەبدوللەتیف |
| ١٠ | باپیر کامەلا | ٢٠١٧/١٢/١٧ | بەهۆی رێکەوتن لەگەل زەحمەتکێشان بڕیار بوو هەر یەکەو دووساڵ لە پەرلەمان بن | دەنگی نەهێنا بۆ وازهێنان |
| ١١ | یوسف محمد سادق | ٢٠١٧/١٢/٢٦ | رێگری لێکرا بچێتەوە پەرلەمان | نەخرایە بەرنامەی کارەوەو شوێنی پڕنەکرایەوە |
| ١٢ | رابون مەعروف | ٢٠١٨/٧/١٠ | رێگری لێکرا بگەڕێتەوە پەرلەمان، دواتر بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق | پەسەندکرا بەلام شوێنی پڕنەکرایەوە |
| ١٣ | بەهار مەحمود | مایسی ٢٠١٨ | بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق | نەخرایە بەرنامەی کارەوەو شوێنی پڕنەکرایەوە |

## ئەو پێشێلکاریانەی دەرهەق بە پەرلەمان کران

١-لەلایەن حزبە کوردستانیەکانی کە ئەندامیان لە پەرلەماندا هەبوو، رۆڵی پەرلەمان نادیدە دەگیراو پشتگوێ دەخراو حیساب بۆ بڕیار و راسپاردەکانی نەدەکرا، بەتایبەت لەمەسەلەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا.

٢-هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەلام رۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا لەبەرچاو نەدەگیراو لە رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز خرابوو.

٣- هەیمەنەی کاری پەرلەمانی لە کوردستان لەژێر هەرەشەدا بوو، چونکە نەیدەتوانی ئەو یاسایانە پەسەند بکات کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن رەزامەند نەبوو لەسەریان، بەواتایەکی تر حکومەت هەژموونی خۆی بەسەر پەرلەماندا سەپاندبوو.

٤- یاساو بڕیار و راسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە جێبەجێ نەدەکرا.

٥- لەلایەن دەزگا راگەیاندنەکانی هەندێك لایەنی سیاسی هەوڵی ناوزڕاندنی پەرلەمان و پەرلەمانتاران دەدرا.

٦-بۆئەوەی پەرلەمانتاران ساردببنەوە لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان هەرەشەو سوکایەتی و توندوتیژی بەرامبەر هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان دەکرا. بۆ نمونە: لە شەقلاوە سوکایەتی بە پەرلەمانتار (بەهار مەحمود) کرا، پەرلەمانتار (فەرهاد سەنگاوی) لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە رفێنراو سوکایەتی پێ کراو ئەشکەنجە درا. هەرەشەی کوشتن لە پەرلەمانتار (گۆران ئازاد) کرا (کە بەپێی زانیاری و بەدواداچوونی ئێمە ئێستا ناوبراو لە ولاتێکی بیانی داوای مافی پەنابەرێتی کردووە)، پەلاماری پەرلەمانتار (رابوون مەعروف) دراو سوکایەتی پێ کراو ئەشکەنجە درا و جارێکیش دەسگیر کرا، سوکایەتی بەرامبەر پەرلەمانتار (عەلی حەمەسالح) کرا، تەقە لە ماڵی پەرلەمانتار (بەشار موشیر ئاغا) کرا، سوکایەتی و رێگری بە پەرلەمانتاران (شێرکۆ جەودەت) و (سۆران عومەر) کرا، چەندین جار لە بازگەکانی دێگەڵەو پردێ رێگری لە پەرلەمانتاران و سەرۆکی پەرلەمان کرا کە بگەڕێنەوە پەرلەمان، ئەمانەو چەندین حاڵەتی تری هاوشێوە بەسەر پەرلەمانتاراندا هێنراوە بەبێ جیاوازی پەرلەمانتاران لە حزب و فراکسیۆنەکاندا.

٧-لەوکاتانەی پەرلەمانتاران ناچار دەبوون پەنا بۆ دەسەلاتی دادوەری و داواکاری گشتی ببەن، بەمەبەستی سکالاکردن لەسەر بەهەدەردانی بودجەی گشتی و کەیسەکانی گەندەڵی و پێشێلی یاساکان لەلایەن حکومەت و بەرپرسانی ناو حکومەت، بەلام تا تەواو بوونی خولەکەش دادگا کاری لەسەر هیچ داواکارییەکی پەرلەمانتاران نەکرد.

٨- لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێشێلکاری یاسایی بەرامبەر پەرلەمان کرا کاتێك لە رۆژی (٢٠١٥/١٠/١٢) رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کرا بچێتەوە پەرلەمان. چوار حزبەکەی تریش خەمساردبوون لە کاراکردنەوەی و هەنگاوی عەمەلیان نەدەنا.

٩- پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت یەکێك بوو لە هۆکاری قەیرانەکان، لەکاتێکدا سندوقی داهاتە نەوتیەکان کە یاساکەی لە پەرلەمان پەسەندکرا، بەڵام پێکهێنانی ئەنجومەنەکەی و متمانەدان بە ئەندامەکانی لە پەرلەمان پەکخرا، هۆکارەکەشی لەوکاتەدا ململانێی حزبە سیاسیەکان بوو لەسەر پشکیان لەو ئەنجومەنەدا.

١٠-هەڵوێستی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان لە رووی کردارییەوە جیاواز بوو لە هەڵوێستی حزبەکانیان، پەرلەمانتاران خوازیاری کاراکردنەوەی پەرلەمان بوون، بەڵام ئەم جدییەتە لە هەڵوێستی حزبەکانیاندا نەدەبینرا، پەیامی هیچ کام لە حزبە سیاسیەکان لەگەڵ کردارەکانیاندا وێك نایەتەوە.

١١-نە پەرلەمان و نە ئەو دەستانەی بەحیساب سەربەخۆبوون، هیچ کامیان سەربەخۆیی داراییان نەبوو، هەرچەندە بەپێی یاساکان سەربەخۆن لەم رووەوە، بەڵام لەرووی پراکتیکیەوە هەموویان چاو لە دەستی وەزارەتی دارایی بوون کە موچەیان پێبدات یاخود بڕێکی کەم بودجەیان بۆ دیاری بکات.

١٢-حکومەت هاوکاری پەرلەمان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان نەبوو و ئەرکی خۆی بەجێ نەگەیاند لە ئامادەکردن و پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا، بەتایبەت (وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی دارایی، ئەنجومەنی ئاسایش).

١٣-هیچ کام لە حزبە سیاسیەکان لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا (٢٠١٣-٢٠١٨) مشوری پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیان نەخواردووەو کاریان بۆ نەکرد.

١٤-حکومەت ماوەی پێنج ساڵ پرۆژە یاسای بودجەی بۆ پەرلەمان نەنارد بەمەبەستی پەسەندکردنی.

١٥-لەکاتی بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیراندا دەسەلاتی جێبەجێکردن گوێرایەلی داواکانی پەرلەمان و پەرلەمانتاران نەدەبوو و بەدەم داواکاریەکانیانەوە نەدەچوو.

١٦-پەلاماردانی پەرلەمان لەلایەن کەسانێکەوە لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٩) کە هاندرابوون و ئاسانکارییان بۆ کرا لە چوونە ناو پەرلەمانەوە، ئەمەش شکاندنی حەرەمی پەرلەمان بوو.

## ئەو پێشێلکاری و هەڵانەی پەرلەمان کردی

١–هەڵسوکەوتی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ میدیاکاران و کەناڵەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا لەقۆناغی سەرەتادا ئاسایی و تەندروست بوو، بەلام دواتر وەك پێویست نەبوو و ڕێگریان لێدەکراو زانیاریان پێ نەدەدرا.

٢–لیژنەکانی پەرلەمان وەك پێویست کاری خۆیان ئەنجام نەدەدا، لە نوسینی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان، ئەمەش هۆکارێك بوو کە پەرلەمان وەك پێویست نەتوانێت کۆبوونەوەکانی بکات، چونکە پرۆژەیاسای ئامادەکراو بە ڕاپۆرتەوەی لەبەردەست نەبووە تا بیخاتە بەرنامەی کارەوە.

٣–لیژنەکانی پەرلەمان وەك پێویست چاودێری ئەو وەزارەت و دەستەو فەرمانگانەیان نەدەکرد کە پەیوەندیداربوون پێیانەوەو کاری چاودێریکردن لاواز بوو.

٤– لە ئاست ئەو هەموو قەیران و گرفتانەی کە ڕووبەڕووی هەرێم ببونەوەو لەئاست خوێندنەوەی یەکەمی ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژەیاسایەی پێشکەشکرابوون ژمارەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان کەم بوو.

٥–ئەندامانی پەرلەمان بەگشتی بە ئەرکی سەرشانیان هەڵنەدەستان، هەر لە بەشداری کۆبوونەوە گشتیەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی لیژنەکان و ڕاپۆرت نوسینی سەر پرۆژە یاساکانەوە تا دەگات بە ئەرکی چاودێریکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن.

٦–پەرلەمان لە ئاست لێپێچینەوە لە دەسەلاتی جێبەجێکردن لاواز بوو، لە ماوەی پێنج ساڵدا نەیتوانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی یا هیچ وەزیرێك بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ لێپێچینەوە.

٧– پرسی سەرۆکایەتی هەرێم کە هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکانی هەرێم بوو، بە هەڵپەسێردراوی مایەوەو پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی چارەسەری بکات و هەر ئەمەش هۆکاری پەکخستنی بوو.

٨– پەرلەمان لەئاست چاودێری کردنی ئەو دەستانەشدا کەمتەرخەم بوو کە بەخۆیەوە پەیوەست بوون، وەك: دەستەکانی (مافی مرۆڤ) و (دیوانی چاودێری) و (دەستەی نەزاهە) و (کۆمسیۆنی هەڵبژاردن)، و ئیش و کارەکانیان یا پەکیان کەوتبوو یا وەك پێویست بەڕێوە نەدەچوون.

٩– دەستەی (مافی مرۆڤ) لە (٢٠١٧/١/١٧)ەوە ماوەی سەرۆکەکەی بەسەر چوو بوو، پەرلەمان لە خولی چوارەمدا دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەری بۆ بکرێت، بەڵام هیچ ڕێو شوێنێك نەگیرایەبەر و ئەمەش پێشێلی یاسا بوو.

١٠– دەستەی (دەستپاکی) ماوەی سەرۆکەکەی لە (٢٠١٧/٥/١٣)ەوە بەسەر چوو بوو. پەرلەمان لە خولی چوارەمدا دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەری بۆ بکرێت، بەڵام هیچ ڕێو شوێنێك نەگیرایەبەر و ئەمەش پێشێلی یاسا بوو.

١١- (ديوانی چاودێری دارایی) ماوەی سەرۆکەکەی لە (٢٠١٨/٥/٧)ەوە بەسەر چوو بوو. پەرلەمان لە خولی چوارەمدا دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەری بۆ بکرێت، بەڵام هیچ رێو شوێنێك نەگیرایەبەر و ئەمەش پێشێلی یاسا بوو.

١٢- لە خولی چوارەمدا زۆرترین پێشێلی پەیرەوی ناوخۆ کرا.

١٣-لە زۆرینەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەرنامەی کار رانەدەگەیەنرا.

١٤-بەشی زۆریی کۆبوونەوەکان بە داخراوی و دوور لە چاوی راگەیاندن و جەماوەری کوردستان بەڕێوە دەچوون، بەبێ ئەوەی هیچ بابەتێکی هەستیاریش هەبێت کە بەپێی پەیرەو شایەنی ئەوەبێت بڕیاری داخستنی کۆبوونەوەکە بدرێت، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی دابڕانێك لەنێوان خەڵك و پەرلەماندا هەبێت و خەلك بەچاوی گومانەوە لە پەرلەمان بڕوانن.

١٥-لە خولی چوارەمی پەرلەماندا زۆرترین یاسای عیراقی خوێندنەوەیان بۆ کرا بەمەبەستی بەرکارکردنیان تا لە هەرێم جێبەجێ بکرێن، ئەمەش نەنگی بوو بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە پێویست بوو یاسای خۆی هەبێت نەك یاساکانی عیراق بەرکار بکات.

١٦-سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش کرد، بەڵام تا تەواو بوونی خولەکەش نەخرایە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوی ناوخۆ بوو.

١٧-هەندێك ئەندامی پەرلەمان دەوامیان نەدەکرد بە بێ ئەوەی هیچ ئیجرائاتێك کرابێت بەرامبەریان.

١٨-هەر خولێکی گرێدان پێویستی بەوە بوو ناوێکی هەبێت، جا (پایزە) یا (بەهارە) بێت، بەلام سێ خولی گرێدان بەدوای یەکەوە ناویان (پاییزە) بوو.

١٩-بێسەروبەرەیی بە کۆبوونەوەکانەوە دیار بوو، وەك: ناوی خولەکان و کاتەکانیان دیار نەبوو، ژمارەی کۆبوونەوەکان تێکەڵ بوون، لە زۆرینەی کۆبوونەکاندا ئالوگۆڕی بەرنامەی کار دەکرا، لەنێو کۆبوونەوەدا بڕگە بۆ بەرنامەی کار زیاد دەکرا، ئەمەش نیشانەی لاوازی و نەشارەزایی دەستەی سەرۆکایەتی دەگەیاند.

٢٠- خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ، کە تەمەنی پێنج ساڵ بوو، تەنها (٣٢) یاسا و (٨) بڕیاری دەرکرد، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٢١٣) پڕۆژە یاسا کرا بوو.

٢١- پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا لە پاشەکشەدا بوو، ئەو یاسا مەدەنیانەی لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوو بوون پێشێلکران و کۆسپ لەبەردەمیاندا دروستکرا و ئازادییەکان بەرتەسك کرانەوە، بۆ نمونە وەك: یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ی رێکخراوە ناحکومیەکان و یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ی مافی بەدەستهێنانی زانیاری و بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدانی نێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان و چەندان یاسای تر.

٢٢– له پەرلەماندا ئەقڵیەتێك باڵا دەست بوو كە ڕێگری لە چاودێری كردنی ئەدای پەرلەمان و كاری پەرلەمانی دەكرد، باوەڕیان بە شەفافیەت نەبوو، مەبەستیشیان ئەوە بوو ڕاستیەكان لە كۆمەڵانی خەڵكی و كۆمەڵی نێودەوڵەتی بشارنەوە.

٢٣–پەرلەمانی كوردستان بە كارەكانی خۆی هەڵنەستا لە ئامادەكردن و پاك كردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا كە تاكە دەزگایە بتوانێت چاودێری كۆمسیۆن بكات و بەدواداچوون بۆ كارەكانی بكات.

٢٤–لەهەمبەر نەناردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم لەلایەن حكومەتەوە لەماوەی پێنج ساڵدا پەرلەمان نەیتوانی لێپێچینەوە، یاخود تەنانەت پرسیارێكیش لە حكومەت بكات.

٢٥–پرسی دەستور كە یەكێك بوو لە پرسە گرنگەكان، هەنگاوەكانی وەستێنراو بە هەڵپەسێردراوی ماویەوە.

٢٦–پرسی سەرۆكایەتی هەرێم كە هۆكاری سەرەكیی قەیرانەكانی هەرێم بوو بە هەلپەسێردراوی مایەوە.

٢٧–پرۆسەی هەناردەكردنی نەوت یەكێك بوو لە هۆكاری قەیرانەكان، لەكاتێكدا سندوقی داهاتە نەوتیەكان كە یاساكەی لە پەرلەمان پەسەندكرا، بەلام پەرلەمان نەیتوانی ئەنجومەنەكەی پێكبێنێت و متمانە بە ئەندامەكانی بدات.

٢٨–پەرلەمان نەیتوانی لێپێچینەوە لە حكومەت بكات لەكاتی پڕكردنەوەی شوێنی وەزیرەكان، چونكە هەنگاوەكانی حكومەت نایاسایی بوون، ئەو شوێنانە كاتێك پڕ دەكرێنەوە ئەگەر وەزیر نەمێنێ یا خۆی داوا بكات، بەڵام ئەم بڕیارە لەژێر ئیكراهدا بوو، هەر بڕیارێكیش لەژێر ئیكراهدا بێت (باطل)ە ، (المبني على الباطل باطل). ئەمەش پێشێلكاریی یاسایی بوو كرا.

٢٩–زۆرینەی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بەرنامەی كار ڕانەگەیەندراوە، یاخود ئەگەر ڕاشگەیەندرابێت چەند كاتژمێرێك بەر لەكۆبوونەوەكان ئەندامان بە فەرمی ئاگادار كراونەتەوە، ئەمە لەكاتێكدا بەپێی پەیرەو دەبێت (٤٨) كاتژمێر بەر لە كۆبوونەوەكە ئەندامان لە بەرنامەی كار ئاگادار بكرێنەوە.

٣٠–لە هەندێك لە كۆبوونەوەكان بەرنامەی كار لە ئەندامان شاردراوەتەوە، بۆ نمونە بەرنامەی كاری ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٣٠) كە دەستلەكار كێشانەوەی (فەرهاد سەنگاوی) خرابووە بەرنامەی كارەوە، هەروەها لە كۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠١٧/١٠/١٨) كە دواتر كۆبوونەوەكە دواخرا. شایانی باسە بەرنامەی كاری كۆبوونەوەكە لە سایتەكەش دانەنرابوو، تەنانەت لەو هەواڵەش كە لە سایتەكەدا لەسەر كۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە بلاوكرابوویەوە باس لەوە نەكرایوو كە بەرنامەی كار دەستلەكاركێشانەوەی فەرهاد سەنگاوی تیادابێت.

٣١–ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٣٠) نامەی دەست لەكار كێشانەوەی (فەرهاد سەنگاوی) خرایە بەرنامەی كارەوەو دەنگیشی لەسەر دراو لە پەرلەمان دوور خرایەوە، بەبێ ئەوەی ناوبراو نامەی دەستلەكاركێشانەوەی پێشكەشكردبێت یا ئاگادار بێت یا لە كۆبوونەوەكە ئامادە بێت.

٣٢–لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٣٠)دا ڕێگە نەدرا (فـەخرەدین قـادر) وەك سـکرتێری پەرلـەمان بچـێتە هۆڵی پەرلەمانەوەو لە شوێنی خۆی (وەك سکرتێر) نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بکات.

٣٣–لە بەشێك لە کۆبوونەوەکان ڕێگە بە ئەندامانیش نەدراوە کـە بـیروڕای خۆیـان دەربـڕن، هـەر بۆیـە لـە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٤) کە تایبەت بوو بـە درێژکردنـەوەی تەمـەنی پەرلـەمان هەنـدێك لـە ئەنـدامان کۆبوونەوەکانیان جێهێشت و لەدەرەوەی هۆڵ لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بیروڕای خۆیـان دەربـڕی، کـە ئەم ڕێگە نەدانەش پێچەوانەی پەیرەوە.

٣٤–لەهەندێك لە کۆبوونەوەکاندا لەیەك دانیشتندا پرۆژەی یاسا خوێندنەوەی یەکەمی بـۆ کـراوەو لەهـەمان کات و کۆبوونەوەدا خوێندنەوەی دووەمـی بـۆ کـراوەو پەسـەندیش کـراوە، ئەمـەش پێچـەوانەی پـەیرەوە. بـۆ نمونـە لـە دانیشـتنەکانی ڕۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٤) لـە پـرۆژە یاسـای درێژکردنـەوەی تەمـەنی پەرلـەمان و ڕۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٩) لە پرۆژە یاسای دابەشکردنی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم.

٣٥–هەنـدێك پەرلـەمانتار لـە لیژنـەکانیان دەسـتیان لـەکار کێشـابوویەوە بـەبێ ئـەوەی جێگـەکانیان پڕبکرێتەوەو ناویان لە لیژنـەکان هـەر مـابوو، ئـەو لیژنانـەی گۆڕانکاریشـیان تیـادا کرابـوو، نـاوی ئەندامـەکانی لەسەر وێبسایتەکە دانەنرابوو.

٣٦–لە زۆرینەی کۆبوونەکاندا ئاڵوگۆڕی بەرنامەی کـار کـراوە، بـۆ نمونـە لـە دانیشـتنەکانی ژمـارە (٢) لـە ٢٠١٧/١٢/٦ و ژمارە (٣) لە ٢٠١٧/١٢/١٧ و ژمارە (٤) لە ٢٠١٨/١/١٠ و ژمارە (٥) لە ٢٠١٨/١/٣٠ و ژمارە (٦) لـە ٢٠١٨/١/٣١ و ژمـارە (٧) لـە ٢٠١٨/٢/٦ و ژمـارە (٨) لـە ٢٠١٨/٢/١٢ و ژمـارە (٩) لـە ٢٠١٨/٢/١٣ و کۆبوونەوەی ژمارە (١٠) لە ٢٠١٨/٢/٢١، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرۆکایەتی لـە دانـانی بەرنامـەی کـاردا نائاگاو نەشارەزان.

٣٧–لە زۆرینەی کۆبوونەوەکاندا زۆرترین کـات بـە نوقتـەی نیـزام بـەفیڕۆ دەڕۆیشـت، لەکاتێکـدا پێویسـتی بـەوە نـەدەکرد، ئەمـەش نیشـانەی ئـەوەبوو کـە سـەرۆکایەتی لـە بـەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانـدا لاواز و نەشارەزابوون.

٣٨–بـەپێی بڕگـەی (٣)ی مـادەی یەکـەمی یاسـای ژمـارە (٢)ی سـاڵی ٢٠١٧ ی (یاسـای دابەشـکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم). دەسەڵاتی ئیمزاکردنی یاسـاکان دراوە بە (سـەرۆکایەتی پەرلـەمان)، واتـە هـەر سـێ ئەنـدام (سـەرۆك و جێگـر و سـکرتێر) بـەڵام هـیچ کـام لـە یاساکان کە دەرچوون ئیمزای (سەرۆك)یان بەسەرەوە نەبوو.

٣٩–ژمارەیـەك لـە پـرۆژە یاسـاکان لـەکاتی خوێندنـەوەی یەکەمیانـدا لـە دانیشـتنەکانی پەرلەمانـدا وەك پێویست ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان نەدەکران، پرۆژە یاسا هـەبوو نەدەدرایـە ئـەو لیژنانـەی کـە پێویسـت بوو ئاراستەیان بکرێت.

٤٠-له كۆی (٣٥٢) بڕگەی بەرنامەی کاری کە لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکاندا هاتووە، (١٩٦) بڕگە جێبەجێ کراوەو (١٥٦) بڕگەش لە دانیشتنەکاندا دواخراون.

٤١-له کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠١٨/٧/١٧) کە پەیڕەوی تازە پەسەند کرا، بڕیاردرا لە ڕۆژی پەسەندکردنی و دەرچوونیەوە پەیرەوەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام خولەکەش کۆتایی هات و پەیرەوەکە هیچ بڕگەیەکی جێبەجێ نەکرا، جگە لەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ناویان لە (جێگر و سکرتێر)ەوە بوون بە (جێگری یەکەم و دووەم).

٤٢- کاتێك لە ٢٠١٤/٨/٧ کارەساتی تاوانکاری بەرامبەر بە شەنگال ڕویداو هێزی پێشمەرگە تیایدا کشایەوە، کە بووە مایەی ئاوارەو دەربەدەر بوونی سەدان هەزار کەس و کوشتاری بە کۆمەڵی ئێزیدییەکانی لێکەوتەوەو هەر بەم هۆیەوە هەزاران کچ و ژنی ئێزیدی ڕفێنران و بێسەروشوێن کران و بازرگانیان پێوەکرا و دەستدرێژیان کرایەسەر. پێویست بوو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەپەرلەمان پێك بهێنرێت و هۆکارەکانی کشانەوەی پێشمەرگە بەم پەلە پروزێیە دیاری بکرێت و کەمتەرخەم و سەرپێچی کاران سزا بدرێن.[٤٩] ئەوکاتە پەرلەمان لە پشوو بوو و بەپێی مادەی (٤٨) بڕگەی (ب)ی پەیرەوی ناوخۆ سەرۆکایەتی دەیتوانی لیژنە دروستبکات و لە دەسەلاتی خۆی بوو،[٥٠] بەڵام نەکرا. بیانوش ئەوەبوو گوایە لە سەرۆکایەتی هەرێم لیژنەیەك بۆ هەمان مەبەست پێکهێنراوە، بەلام دواتر پەرلەمان لە ئەنجامی بەدواداچوونەکانی ئەم لیژنەیەشی نەپێچایەوە کە ئەمە کاری پەرلەمانە، ئەمە لەکاتێکدا لیژنەکەی سەرۆکی هەرێم هیچ ئەنجامێکی نەبوو و تا ئێستاشی لەگەڵدابێت چ لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم و چ لەلایەن پەرلەمانەوە بێدەنگی لەئاست ئەو کارەساتە مرۆییە جەرگبڕەدا کراوە.

(٤٩) - لە مادەی (٤٧)ی پەیرەوی ناوخۆ هاتووە: پەرلەمان بۆی هەیە لیژنەی کاتی و لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت بەگوێرەی پێویستی ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو.

(٥٠) - بڕگەی (ب) لە مادەی (٤٨)ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: لەکاتی پشووی پەرلەمانندا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێن.

# ئه‌نجام

لەکۆتاییدا دەکرێت ئەنجامی کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لەم چەند خاڵەدا بخەینە روو، کە لەم خولەدا:

| ژ | کەموکورییەکان لە خولی چوارەمدا | چی بکرێت لە خولی پێنجەمدا |
|---|---|---|
| ١. | شەفافیەت لە کاری پەرلەمانیدا نەبوو، زانیاری بە رۆژنامەنوسان نەدەدرا، بەشی زۆریی کۆبوونەوەکان بە داخراوی دوور لە چاوی راگەیاندن و جەماوەر بەڕێوە دەچوون، بێ ئەوەی بابەتێکی هەستیاریش هەبێت، کە بەپێی پەیرەو شایەنی ئەوەبێت بڕیاری داخستنی کۆبوونەوەکە بدرێت، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی دابڕانێك لەنێوان خەڵك و پەرلەماندا هەبێت و بەچاوی گومانەوە لە پەرلەمان بڕوانرێت. | بەپێی یاسا زانیاری بە رۆژنامەنوسان بدرێت. کۆبوونەوەکان داخراونەبن و بۆ هاولاتیان پەخش بکرێن، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بەگومانەوە لە هەنگاوەکانی پەرلەمان نەڕوانن و متمانەیان پێی هەبێت. |
| ٢. | لە خولی چوارەمدا زۆرترین پێشێلی پەیرەوی ناوخۆ کرا. لە زۆرینەی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا بەرنامەی کار رانەدەگەیەنرا. بێسەروبەرەیی بە کۆبوونەوەکانەوە دیار بوو، ناوی خولەکان و کاتەکانیان دیار نەبوو، ژمارەی کۆبوونەوەکان تێکەڵ بوون، ئالوگۆڕی بەرنامەی کار دەکرا، لەنێو کۆبوونەوەدا برگە بۆ بەرنامەی کار زیاد دەکرا، ئەمەش نیشانەی لاوازی و نەشارەزایی دەستەی سەرۆکایەتی دەگەیەیاند. | پەیرەوی ناوخۆ وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و ئەو پێشێلکاریانەی لەخولی چوارەمدا کراون دووبارە نەکرێنەوە، خولەکان بەرێکوپێکی ناوبنرێن، لەکاتی خۆیاندا دەست بە کۆبوونەوەکان بکرێت، بەرنامەی کار لەکاتی خۆیدا بۆ ئەندامان رابگەیەنرێت و بە شاراوەیی برگەی بۆ زیاد و کەم نەکرێت، لەچوارچێوەی پەیرەودا رێگە بە ئەندامان بدرێت رای خۆیان دەربڕن، مافی ئەندام و ئەرکەکانیان دەستەبەر بکرێن، یاداشتی ئەندامان و داواکاریەکانیان لەکاتی خۆی بخرێنە روو. |
| ٣. | زۆرینەی پەرلەمانتاران وەك پێویست بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵنەساون، هەر لە زۆری رێژەی ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، کۆنەبوونەوەی لیژنەکان، نەنوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان و هتد. | ئەندامان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن، لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئیجرائات بکرێت لە کەموکورییەکانیان و لەلایەن حزبەکانیشیانەوە چاودێری بکرێن، لەکۆبوونەوەکان ئامادەبن |
| ٤. | لیژنەکانی پەرلەمان وەك پێویست کاری خۆیان ئەنجام نەداوە لە نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان و وەك پێویست چاودێری ئەو وەزارەت و دەستەو فەرمانگەکانیان نەدەکردوو کاری چاودێریکردن لاواز بوو. | پێویستە بەپێی پەیرەو لیژنەکان لە کاتی دیاریکراودا راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان بنوسن، چالاك بن لەچاودێریکردنی ئەو وەزارەت و دەستەو فەرمانگانەی دەکەونە چوارچێوەی تایبەتمەندێتی پسپۆریەکانیانەوە. |
| ٥. | ژمارەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە بەراورد بەو پێنج ساڵەی تەمەنی کەم بوو. بەپێی بەرنامەی کاری فەرمیی پەرلەمان (١٠٤)دانیشتنی ئەنجامداوە، کە ئەمەش لەگەڵ پەیرەو و کاری پەرلەمانی و ئەو هەموو گرفت و قەیرانانەی هەبوون ناگونجێت. | پێویستە پەرلەمان بەپێی پێویست کۆبوونەوەکانی ئەنجامبدات. |
| ٦. | لەلایەن ئەندامان و حکومەتەوە ٣٠٩ پرۆژە یاسا و بڕیار | پرۆژەیاساکان بەپێی پێویستی پێشکەش بکرێن، دوابەدوای |

| | | |
|---|---|---|
| | پێشکەشکراون، ٢١٣ یان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆکراوە و ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، ٩٦ پرۆژەش مانەوەو خوێندنەوەیان بۆ نەکرا، ئەوە دەگەیەنێ کە پەرلەمان و لیژنەکان کارا نەبوون، بۆیە ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژە یاسا ماونەتەوەو نەکراون بە یاسا، کە تەنها (١٠٪)ی ئەو پرۆژانە کراون بە یاسا کە پێشکەشکرابوون. | پێشکەشکردنیشیان راستەوخۆ لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە بەپێی پەیرەو راپۆرتیان لەسەر بنوسرێت و پشتگوێ نەخرێن، لەئاست کەمتەرخەمی لیژنەکاندا سەرۆکایەتی پەرلەمان رێکار بگرێتە بەر. |
| ٧. | ژمارەیەك پرۆژە یاسا دوای كاركردنێكی زۆریش لە لیژنەكان، خوێندنەوەی دووەمیان بۆ نەكرا. چەند پرۆژە یاسایەكی گرنگ لەبەردەست خولی چوارەمدا بوو لەوانە (پرۆژە یاسای چاكسازی لە مووچە و دەرماڵەكان، هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەرکارکردنی یاسای بازرگانی بە مرۆڤ، خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای بیمەی كۆمەڵایەتی) بەڵام ئەو یاسایانە بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندی خەڵك بوو دەرنەچوێنران. | تا هەموو لایەنەکانی پرۆژەیاساکان دیراسەنەکرێن، ناکرێت کاریان لەسەر بکرێت و کاتی پێ بەفیڕۆ بدرێت، کاتێك پرۆژە یاساش تەواو بوو پێویستە بخرێتەوە بەرنامەی کار و پەسەند بکرێت. |
| ٨. | لەماوەی پێنج ساڵدا، تەنها (٣٢) یاسا و (٨) بڕیاری دەرکرد، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٢١٣) پرۆژە یاسا کرابوو. زۆرینەی ئەو یاسایانەی پەسەندیش کران نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە، یاخود پێشێلکراون، بەبێ ئەوەی پەرلەمان هیچ قسەیەکی هەبووبێت. | بەپێی پێویست پەرلەمان هەوڵ بدات لەو بۆشاییە یاساییانەی هەن یاسا پەسەند بکات، بەرگریکاریش بێت لەسەر جێبەجێکردنیان و لەکاتی جێبەجێ نەکردن یا پێشێلکردنیان لێپێچینەوە بکات. |
| ٩. | ئەو یاسایانەی لەو ماوەیەدا دەرچوون زۆرینەیان یا ناڕەزاییان لەسەر بووە و دەرەنجامی خراپیان لێکەوتۆتەوە، بۆنمونە: یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، یاسای لێبووردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان، یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، یاسای رێگریکردن لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زارو مولکی دەوڵەت، یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، هەموارکردنی سێیەمی یاسای پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە. | ئەو یاسایانەی دەرچوێنراون و گرفتیان هەیەو ناڕەزاییان لەسەرە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و هەموار بکرێنەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | ئەو بریارانەی دەرکراون نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە یاخود پێشێلکراون، بەبێ ئەوەی پەرلەمان هیچ قسەیەکی هەبووبێت. | پەرلەمان بەدواداچوون بۆ بریارەکانی خۆی بکات و جێبەجێ بکرێن. |
| ١١ | لە خولی چوارەمی پەرلەماندا کۆمەڵێك یاسای عیراقی بەرکار کران. ئەمەش نەنگی بوو بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە پێویست بوو یاسای خۆی هەبێت نەك یاساکانی عێراق بەرکار بکات. | پەرلەمانی کوردستان هەوڵ بدات زۆرترین یاسای خۆماڵی تایبەت بە هەرێم پەسەند بکات و کەمترین یاسای عیراقی بەرکار بکات. |
| ١٢ | ئەو هێزە سیاسیانەی ئەندامیان لە پەرلەماندا هەبوو، رۆڵی پەرلەمانیان نادیدە گرتبوو، حیسابیان بۆ بریار و راسپاردەکانی نەدەکرد. | پەرلەمان بەرزترین دەزگای یاسایی و سیاسی و شەرعیی هەرێمە، ناکرێت رۆڵی نادیدە بگیرێت. |
| ١٣ | پەرلەمان لە ئاست لێپێچینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لاواز بوو، نەیتوانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی یا هیچ وەزیرێك بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ لێپێچینەوە. | پەرلەمان بەپێی پەیرەو بەئەرکی چاودێریکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن هەڵبستێت. |
| ١٤ | هەولی ناوزراندنی پەرلەمان و پەرلەمانتاران دەدرا لەلایەن دەزگا راگەیاندنەکان بە گشتی و دەزگاکانی لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی. | پێویستە رێز لە پەرلەمانتار بگیرێت و کەسایەتیی بپارێزرێت. |
| ١٥ | پرسی سەرۆکایەتی هەرێم هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکانی هەرێم بوو بە هەڵپەسێردراوی مایەوە. | پرسی سەرۆکایەتی هەرێم لەچوارچێوەی یاسادا چارەسەر و جێگیر بکرێت. |
| ١٦ | لە (٢٠١٥/١٠/١٢) رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کراو بچێتەوە پەرلەمان کە پێشێلی یاسا بوو. ئەمەش بووە هۆی پاشەکشەی دیموکراسیەت و شەرعیەتی یاسایی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کەوتە ژێر پرسیارەوە. بووە هۆی بێ متمانەیی خەلك بە پەرلەمان وەك بالاترین دەزگای هەرێم و باوەڕ نەمان بە دەنگدان و هەڵبژاردن. هەرچەندە ئەم کارە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرا، بەلام چوار حزبەکەی تریش خەمسارد بوون لە کاراکردنەوەی و هەنگاوی عەمەلیان نەنا. | جارێکی تر رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان نەکرێت. |
| ١٧ | یەکخستنی پەرلەمان کاریگەریی نەرێنی و خراپی لەسەر دامودەزگاو دامەزراوە فەرمیەکانی تریش کردبوو، بۆ نمونە وەك دەستەکانی (مافی مرۆڤ) و (دیوانی چاودێری) و (دەستەی نەزاهە) و (کۆمسیۆنی هەڵبژاردن) و زۆربەی | چاو بەو دەستانەدا بخشێنرێتەوەو گرفتە یاساییەکانیان چارەسەر بکرێن. |

| | | |
|---|---|---|
| | ئیش و کارەکانی ئەوانیش وەستابوون یا وەك پێویست بەڕێوە نەدەچوون. دەستەکانی (مافی مرۆڤ) و (دەستپاکی) و (دیوانی چاودێری دارایی) ماوەی یاسایی سەرۆکەکانیان بەسەر چووبوون، دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەرییان بۆ بکرێت، بەڵام هیچ ڕێو شوێنێك نەگیرایەبەر، ئەمەش پێشێلی یاسا بوو. | |
| ١٨ | پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت یەکێك بوو لە هۆکاری قەیرانەکان، لەکاتێکدا سندوقی داهاتە نەوتیەکان کە یاساکەی لە پەرلەمان پەسەندکرا، بەڵام پێکهێنانی ئەنجومەنەکەی و متمانەدان بە ئەندامەکانی لە پەرلەمان پەکخراو، کە هۆکارەکەی ململانێی حزبەکان بوو لەسەر پشکیان لەو ئەنجومەنەدا. | سندوقی داهاتە نەوتیەکان پێکبهێنرێت و ئەندامەکانی دەستنیشان بکرێن و دەستبەکار بێت. |
| ١٩ | نە پەرلەمان و نە ئەو دەستانەی بەحیساب سەربەخۆن، سەربەخۆیی داراییان نەبوو، هەموویان بە پەرلەمانیشەوە چاو لە دەستی وەزارەتی دارایی بوون کە موچەیان پێبدات یاخود بڕێکی کەم بودجەیان بۆ دیاری بکات. | سەربەخۆیی دارایی پەرلەمان و دەستە سەربەخۆکان دابین بکرێت و بپارێزرێت. |
| ٢٠. | سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش کرد، بەڵام نەخرایە بەرنامەی کارەوە کە ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوی ناوخۆ بوو. | پەیرەو شکێنی رابگیرێت. |
| ٢١ | هەندێك ئەندامی پەرلەمان دەوامیان نەدەکرد و هیچ ئیجرائاتێکیان بەرامبەر نەکرا. | ئیجرائات بەرامبەر ئەو ئەندامانە بکرێت کە دەوام ناکەن یا ئەرکەکانیان بەجێ ناگەیەنن. |
| ٢٢ | هەرەشەو چاو سورکردنەوە لە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن چەند لایەن و کەسانێکەوە، بۆئەوەی پەرلەمانتاران ساردببنەوە لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان. | ئەندامی پەرلەمان پارێزبەندی هەیەو ناکرێت سوکایەتی پێ بکرێت یا هەرەشەو دەستدرێژی بکرێتە سەر، پێویستە کەسایەتی ئەندامی پەرلەمان ڕێزلێگیراو بێت. |
| ٢٣ | ڕۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا لەبەرچاو نەگیرا، لە ڕووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز خرابوو، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە. | پەرلەمان بەرزترین دەزگای یاسایی و سیاسیی هەرێمەو پێویستە لەپرسە چارەنوسسازەکاندا ڕۆڵی بەرچاو بێت و پەراوێز نەخرێت. |
| ٢٤ | هەژمونی کاری پەرلەمانی لە کوردستان لەژێر هەرەشەدا بوو، نەیدەتوانی ئەو یاسایانە پەسەند بکات کە دەسەڵاتی | سەربەخۆیی پەرلەمان پارێزراوبێت و هەژمونی سەپێنراوی حزب و حکومەت و کەسایەتیەکانی دەرەوەی لێ دوور |

| | | |
|---|---|---|
| | جێبـەجێ کـردن ڕەزامەنـد نـەبوو لەسـەریان، حکومـەت هەژموونی خۆی بەسەر پەرلەماندا سەپاندبوو. | بخرێتەوەو ئازاد بکرێت لەوەی بەپێی یاسا کاری خۆی بکات. |
| ٢٥ | پرۆســەی دیموکراســی لــە هــەرێمی کوردســتاندا لــە پاشەکشـەدا بـوو، ئـەو یاسـا مەدەنیانـەی لـە پەرلـەمانی کوردســتانەوە دەرچــوو بــوون پێشــێلکران، کۆســپ لەبەردەمیانــدا دروســتکران و ئازادییــەکان بەرتەســك کرانـەوە، بـۆ نمونـە: یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠١١ی ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان و یاسـای ژمـارە (١١)ی سـاڵی ٢٠١٣ی مافی بەدەستهێنانی زانیاری و بڕیاری ژمارە (٥)ی سـاڵی ٢٠١٣ی پـەیمانی هاوبەشـی و گەشـەپێدانی نێـوان دەسەڵاتە گشتیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیـەکان و چـەندان یاسای تر. | ئەو یاسا مەدەنیانـەی پەسـەندکراون بـەزووترین کـات بخرێنـە بواری جێبەجێکردنەوە. |
| ٢٦ | هەرچەندە زۆرینەی ئەندامانی پەرلـەمان بۆچـوونیان بـاش بـوو سـەبارەت بـە پـرۆژەی چـاودێری کردنـی پەرلـەمان و لەگـەڵ ئـەوەدابوون پەرلــەمان لەلایـەن ڕێکخراوەکانــەوە چـاودێری بکرێـت. بـەلام ئەقڵیـەتێك هـەبوو ڕێگـری لـەوە دەکرد و باوەڕیان بە شەفافیەت نەبوو. | دەرگای پەرلـەمان کـراوە بێـت بـۆ ڕێکخراوەکـان بەمەبەسـتی چاودێری کردنی ئەدای نوێنەرانی خەڵك. |
| ٢٧ | پەرلـەمانی کوردسـتان بـە کارەکـانی خـۆی هەڵنەسـتا لـە ئامادەکردن و پـاك کردنـەوەی تۆمـاری دەنگدەرانـدا. وەك پێویست چـاودێری کارەکـانی کۆمسـیۆنی هەڵبژاردنـەکانی نـەکرد. حکومـەت هاوکـار نـەبوو و ئـەرکی خـۆی بـەجێ نەگەیانـد لــە ئامــادەکردن و پــاك کردنــەوەی تۆمــاری دەنگدەرانـدا، بەتایبـەت (وەزارەتـی بازرگـانی، وەزارەتـی داد، وەزارەتـی نـاوخۆ، وەزارەتـی پێشـمەرگە، وەزارەتـی دارایی، ئەنجومەنی ئاسایش). هەماهـەنگی نـەبوو لـەنێوان کۆمســیۆن و وەزارەتــی تەندروســتی و وەزارەتــی داد و ئەنجومەنی دادوەری بۆ سڕینەوەی ناوی مردووەکان. | پەرلــەمان بــەوردی چــاودێری ئیشــوکارەکانی کۆمســیۆنی هەڵبژاردنـەکان بکـات، پێداویسـتیەکانیان بـۆ دابـین بکـات، هەماهەنگیان بۆ ڕێك بخات. لەکاتی کەمتەرخەمی حکومـەت و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا لەم بوارەوە ئیجرائات بکات. |
| ٢٨ | بودجــەی پێویســت بــۆ کۆمســیۆن و ئــیش و کارەکــانی تەرخان نەکرا. | بودجەی پێویست بۆ کۆمسیۆن تەرخان بکرێت. |
| ٢٩ | ماوەی پێنج سـاڵ بودجـەی هـەرێم نەنێردرایـە پەرلـەمان. ناردنی پرۆژەی بودجە هیچ پەیوەندی بـە قـەیرانی دارایـی نەناردنی پشکی بودجـەی هـەرێم لـە بەغـداوە نـەبوو، خـۆ داهـاتی نـاوخۆ هـەبوو، خـۆ حکومـەت بـەردەوام نـەوتی | بودجەی هەرێم سالانە لەکاتی خۆیدا بنێردرێتە پەرلەمان. |

| | | |
|---|---|---|
| | دەفرۆشت، بەڵام ماوەی پێنج ساڵ حکومەت پرۆژەی بودجەی نەنارد بۆ پەرلەمان، ئەمەش پەیوەندی بە شاردنەوەی سەرچاوەکانی داهات و نەبوونی شەفافیەتەوە هەبوو. | |
| .۳۰ | ماوەی پێنج ساڵ حکومەت ژمێرەی کۆتایی نەنارده پەرلەمان. | فشار بخاتە سەر حکومەت بەمەبەستی ناردنی ژمێرەی کۆتایی. |
| ۳۱ | پرسی دەستور کاری لەسەر کراو یاسای بۆ دەرچوو و لیژنەشی بۆ پێکهات، بەلام ماوەی یاسایی لیژنەکە بەسەرچوو و کارەکانی وەستا و ماوەکەشی درێژ نەکرایەوە. | پرسی دەستور چارەسەر بکرێت و لیژنەکە بەپێی یاسا پێکبهێنرێتەوەو دەست بە ئیش و کارەکانی بکاتەوە. |
| ۳۲ | دەرکردنی پەیرەوی تازە کارێکی باش بوو، سەرباری ئەو تێبینیانەش کە لەسەریەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی پەسەندکردنیدا پەرلەمان رایگەیاند کە لەگەڵ دەرچوونیدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەچی خول تەواو بوو تەنها (جێگر و سکرتێر) ناونیشانەکانیان گۆڕا بۆ (جێگری یەکەم و دووەم) هیچ برگەیەکی تری جێبەجێنەکرا، ئەمە لە کاتێکدا ئەم گۆرانکارییە پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنە و لەوێ جێگر و سکرتێر هەیە نەك جێگری یەکەم و دووەم، نە لیژنەکانی ناویان هاتبوو هەڵوەشانەوەو لێکدران، نە پەیکەری بەڕێوەبردنی پەرلەمان دەستنیشانکراو...هتد. | پەیرەوی تازە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر هەر هاودژییەکیشی هەیە لەگەڵ یاسا بەرکارەکاندا چارەسەر بکرێت. |

## خشتەی ژمارە ( ١٥ )

## پوختەی کاری پەرلەمان لەماوەی پێنج ساڵی خولی چوارەمیدا

( ٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦ )

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ١٠٤ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٣٥٢ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێکراو | ١٩٦ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ١٥٦ |
| ٥ | پرۆژە یاسا کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون | ٣٠٩ |
| ٦ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ٢١٣ |
| ٧ | پرۆژەیاسا کە خوێندنەوەی بۆ نەکراوە | ٩٦ |
| ٨ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٣٣ |
| ٩ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٨ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٣٣ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ١٣ |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان، بەڵام ئامادە نەبوون | ٢٠ |
| ١٣ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٢ |
| ١٤ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٥ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٥٥٤ |
| ١٦ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لەسەرەتای دەست بەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ئێستا | ١٤٩ |
| ١٧ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٣٤٦ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٨٢٦ |
| ١٩ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٥٢٤ |
| ٢٠ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ٣٠٢ |
| ٢١ | ژمارەی ئامادە نەبوانی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان<br>(لە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییانەدا ڕێژەی غیاباتی ئەندامانمان دەست نەکەوتووە بۆیە هەر ژمارە کۆنەکەیە) | ١١٨٣ |

## له بلاوكراوەكانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان

### یەكەم: بە زمانی كوردی:


١- خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەركردنیان، نامەیەكی كراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- گرفتەكانی خوێندنی باڵاو گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە ڕووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەكی كراوەدا بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی كوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی یەكەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- كاری هاوبەشی نێوان ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەكانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دووەم، (٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی سێیەم، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی چوارەم، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، سلێمانی، ٢٠١٥.

٩- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی پێنجەم، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، سلێمانی، ٢٠١٦.

١٠- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی شەشەم، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، سلێمانی، ٢٠١٦.

١١- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی حەوتەم، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٢- چاودێری كردنی پەرلەمان لە ڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە ، راپۆرتی هەشتەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٣- تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی كوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەكاریدا ، راپۆرتی نۆیەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دەیەم، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥- ڕەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاكانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦- خوێندنی ناحكومی لەنێوان كوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی یانزەهەم، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دوانزەهەم، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٩- پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەكراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەكراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٣- هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سیانزەهەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، سلێمانی، ٢٠١٩.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی:

١- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٤.

٢- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني،(٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، اربيل، ٢٠١٥.

٣- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٥.

٤- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، السليمانيه، ٢٠١٥.

٥- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، السليمانيه، ٢٠١٦.

٦- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، السليمانيه، ٢٠١٦.

٧- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، السليمانيه، ٢٠١٧.

٨- الرقابة علي البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، السليمانيه، ٢٠١٧.

٩- سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال ، التقرير التاسع، السليمانيه، ٢٠١٧.

١٠- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، السليمانيه، ٢٠١٧.

١١- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، السليمانيه، ٢٠١٨.

١٢- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، السليمانيه، ٢٠١٨.

١٣- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانيه، ٢٠١٨.

١٤- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير الپانی، التصويت العام، السليمانيه، ٢٠١٨.

١٥- تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، السليمانيه، ٢٠١٩.

## سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:

1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.
2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.
3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.
4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Sulaymaniyah,2015.
5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Sulaymaniyah,2016.
6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Sulaymaniyah,2016.
7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Sulaymaniyah,2017.
8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Sulaymaniyah,2017.
9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Sulaymaniyah,2017.
10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.
11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Sulaymaniyah,2018.
12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Sulaymaniyah,2018.
13- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.
14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.
15- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Sulaymaniyah, 2019.




**بەشێك لە بڵاوكراوەو ڕاپۆرتەكانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**